# کۆنگره

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژماره ٤٧ بەفرانبار – ڕێبەندانی ٢٧٠٨ی کوردی

خەبات لەپێناو وڵاتێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 47, January - february 2009


# ڕاگەیاندنی گشتیی

بۆ: نەتەوەی کۆیله و خۆڕاگری کورد له سەرتاسەری کوردستان و له هەندەران!

بۆ: هەموو حیزب و ڕێکخراوەی رامیاری و ناڕامیاریی کوردی و کوردستانیی، له نێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات!

بۆ: گشت کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و ئاینی و کۆمەڵایەتیی کورد، له نێوخۆ و دەرەوەی وڵات!

لەگەڵ سڵاوی ئازادی و سەربەخۆیی

کۆنگرەی (٦) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، له ڕۆژی شەممە، 18/4/2009 لەشاری لەندەن له بەریتانیا بەرێوەدەچێت.

کۆنگرەی (٦) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، له باروودۆخێکدا دەبەسترێت، که نیوچەی رزگارکراوی باشووری کوردستان، بەپیلانی داگیرکەرانی کوردستان و، به هاوبەشی و هاودەستیکردنی دەسەڵاتداریتیی کورد له باشوور، خرایەوه چوارچێوەی سنووری عێراقی داگیرکەرەوه!

کۆنگرەی (٦) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، له باروودۆخێکدا دەبەستری که داگیرکەرانی کوردستان له هەر چوارلاوە، سەر لەنوێ، پیلان بۆ لەنێوبردنی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلەکەمان دادەڕێژنەوه.

"بۆ لاپەڕە ٢"



محەممەد شەیدا:

تاوانی جێنۆسایدی ئەرمەن!

" ل ٨"



سیروان کاوسی:

ڕژێمی سێداره و تیرۆر و تۆقاندن، پێینایه (٣١) مین ساڵی دامەزرانییەوە"

" ل ١٣"



جیهاد حەمەکەریم

چەند سەرنجێک لەسەر کۆنفرانسی ناوەندی هەڵەبجە

" ل ١٧"


*- پەیامی KNC بەبۆنەی کۆچیدوایی تێکۆشەری دێرینی کورد، مامۆستا عەبدولقادری دەباغی (مامه قاله) ................................... ل ٧

*- دیمانەی ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادیی" – ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەگەڵ سیروان کاوسی ..................................... ل ٢٢

*- پەیامی سەرخۆشیی سەرۆکی KNC و دەزگەی ڕاگەیاندنی KNC بۆ هاوبیر مامۆستا محەممەد شەیدا .................................... ل ٣٣

*- درۆشمی تازەی بەرێز ئۆجەلان، لەنێوبردنی مەترسیی "پەیمانی سێڤر" و، بووژاندنەوەی "پەیمانی لۆزان" ................................... ل ٣٤




دوکتۆر ئالان قادر

تاوانی کۆمەڵکوژی Genocaide دژ به کورده فەیلییەکان

" ل ٤"



ئاریا موکریانی:

هاوارێک بۆ قەندیل "قودسی کوردستان"

ل ٣٢

کۆنگرەی (٦) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە بارودۆخێکدا بەڕێوەدەچێت، کە بیری چەوت و سەرلێشێوێنی ئێرانچێتی و عێراقچێتی و تورکچێتی و سووریاچێتیی، لەلایەن ئەو حیزبانەوە بەکوردی قسە دەکەن و، خۆیان بە کورد دەزانن، لەژێر درۆشمی درۆزنانەی "فیدراڵی" و "مافی وەکیەک" و "هاووڵاتیی پلە یەک" و ... هتد، باڵی بەسەر خەباتی رزگاریی نیشتمانی و بیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا کێشاوە!




کۆنگرەی (٦) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە بارودۆخێکدا بەڕێوە دەچێت کە سەرەڕای بەرپاکردنی دەیان رابوونی گەورە و بچووک و، ماڵوێرانی و قوربانیدانی بێئەژمار لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، هێشتا چارەنووسمان لێڵ و نادیارە و، ئاسۆی خەباتی رزگاریمان ون و تاریکە!

کۆنگرەی (٦) کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لە بارودۆخێکدا دەبەسترێت، کە تاوانباران و ئەنجامدەرانی ئەنفال و کیمیاباران و کارگێرانی پاکتاوکردنی رەگەزیی کورد، نەتەنێ بەسزای خۆیان نەگەیشتوون، بەڵکو دەوڵەتی نوێی عێراق کە شیعەکان تێیدا باڵادەستن، دەیانەوێت، داگیرکردنەوەی کوردستان و، قەلاچۆکردنی کورد، بە عەرەبی سوننە و رەگەزپەرستان و لایەنگرانی رژێمی پێشوو ئەنجامبدەنەوە.

**کۆنگرەی (٦) ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، هاوکات دەبێت لەگەڵ یادی (٥٠) ساڵەی دامەزرانی "کاژیک" (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و، یەکێتیی کورد). بەو بۆنەشەوە و، لەدرێژەی بەرنامەکانی کۆنگرەکەدا، سەمینار و لێدوانی تایبەت لەلایەن ئەندامانی دامەزرێنەرییەوە پێشکێشدەکرێت!**

## هاونیشتمانانی هێژا!

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، درێژەپێدەری رێبازی پیرۆزی "کۆمەڵەی ژێکاف". مەمملەکەتی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتیی شای کوردستان شێخ مەحموودی نەمر، شۆرشی "کۆمەڵەی خۆیبوون" بە سەرۆکایەتیی ئیحسان نووری پاشا و کۆماری سەربەخۆی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازییە. کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، درێژەپێدەری ئامانج و ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی "کاژیک"ە، سەکۆ و نێوەندی هەموو تێکۆشەرانی راستینەی بیری پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە.

ئەی ئەو کەسانەی دژی کۆیلەتی و بندەستین و، بیر لە بەختەوەری و سەرفرازیی خۆتان و نەتەوەکەیان دەکەنەوە، بەپیری ئەم بانگەوازەی کۆنگرەوە، بێن. کوردستان لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە و، تەنیا کورد خۆی دەتوانێت، نەتەوە و نیشتمانەکەی لە چنگی داگیرکەرانی خوێنڕێژی بهێنێتە دەرەوە و، لە فەوتان بیپارێزێت. یەکگرتن و تەبایی و بەشداریکردنی چالاکانە لە بۆ دارشتنی ستراتیژ و پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی، وەرامێکی بەجێ و نەتەوەیی و مێژووییە، لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لەمێژینەی گەلەبندەستەکەمان و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان.

داوا لە هەموو کەسایەتیی نەتەوەیی و پارتی و رێکخراوەی کوردی و کوردستانیی دەکەین، بەپیری ئەم بانگەوازەی کۆنگرەوە بێن. بەشداریکردنی چالاکانە و دڵسۆزانەتان لە کۆنگرەی (٦) دا، پێشاندەری هەست و باوەڕی بەرزتانە بە رزگاریی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان .

ئەم راگەیاندراوەیە دەنێردرێ بۆ هەموو لایەنەکانی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی (٦). بەو هیوایەی کە کۆنگرەی (٦) بکەین بە کۆنگرەی چارەنووسساز و بریاردانی مێژوویی بۆ رزگاریی یەکجارەکیی کورد لە کۆیلەتی و بندەستیی.

**تکایە، بۆ ناردنی بابەت و پێشنیاز و نووسراوە و، پەیامی بەشداریی لە کۆنگرەی (٦)، یان بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر، پێوەندیی بەم ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن:**

**Kurdistan National Congress**
**WKA, Palingswick House**
**241 King Street**
**London W 6 9 L P , U.K.**
**Tel: 0044 -208 748 7874**
**Fax:0044 - 208 741 6436**
**Mobile: 0044 - 7768 266**

jeerkamil@yahoo.com
**knc@ribrahim.de**
**0049- 82336121**

**KNC**
**P.B. 205 Holmli**
**1204 Oslo, Norway**
**047- 9383 99 53**
**post@kncscandinavia.com**

دواتر، هەمووولایەک لە ئەدرەس و شوێنی بەستنی کۆنگرە، ئاگادار دەکەینەوە!

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی ئازادی و دیموکراسی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

**بژی ئازادی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی (٦)**

# تاوانی کۆمەڵکوژی Genocaide دژ بە کوردە فەیلیەکان و یاسای نێودەوڵەتی

## بە بۆنەی دادگاییکردنی تاوانبارانی بەعسییەکان بە هۆی هۆلۆکۆست دژ بە کوردە فەیلیەکان

**نووسەری وتار:** د. ئالان قادر
**وەرگێڕ:** جیهاد محەمەد حەمەکەریم
jihadhammah@yahoo.com

هەرکەس بە پەروەندەکانی مێژوودا بچێتەوە، بە مەبەستی دووبارە خوێندنەوەی، یان وەستان لەسەر هەندێک لە ڕووداوە تۆزلێنیشتوەکانی و گەڕن بە کونووقوژبنیدا، وەک هەوڵێک بۆ هەڵسەنگاند و ڕاڤەکردن یان سەرنجدانێکی پیاچوونەوە بە ڕابوردوودا Retrospektive ، لە ڕاستیدا توشی شۆکێکی بەهێز دەبێت: لە هەوڵی ڕەشی مێژوو نوس و کاتب و ڕۆشنبیرە گەورەکانی عەرەب و نموونەکانیان، بۆ ئەوەی کە حیزبی بەعس بە هەردوو بەشی عێراق و سوریاوە لە تاوانی نازیەتی و شۆڤینێتی پاکبکەنەوە، لە ژێر پاساوێکی پوچی ململانێی دژ بە داگیرکەراندا(کۆلۆنیالیز). ئەمانە ئەگەر بە ئاگایی بێت یان نا ئاگایی گۆڕی خۆیان بە دەستی خۆیان هەڵدەکەن و کۆدوپێوەند دەکەنە دەستو قاچی خۆیان و گەلەکەیەن، وە کار دەکەن لەسەر درێژە پێدانی کۆیلەیەتی و تێکشکانی ئەو گەلانە لە ڕێگەی شاردنەوەی ڕاستیە تاڵەکان و ناراستەکردنی سەرنجدانیان بۆ دوژمنێکی خەیاڵی کە تەنها لە مێشکیاندا بوونی هەیە، ململانێی پاڵەوانی (سیرفانتس دون کیشوت)* دژ بە ئاشە هەواییەکان دهێنێتەو یاد. پرسیار لە سەر پەیوەندی هەموو ئەو قەسابخانە وەحشگەرییەی دژ بە برا کوردە فەیلیەکان کرا بە دڕندەیی بەعسیەکانەوە؟ نامەوێت هیچ بڵێم تەنها ئەوەنەبێت: کە پەیوەندیەکی پتەوی جدی هەبوو، وەک پەیوەندی نێوک بە گۆشتەوە. لە دوا ساڵەکانی هەشتاکاندا لە کاتێك کە سەرقاڵی لە

چاپدانی ئەم پەرتوکە بووم: جەنگی کۆمەڵکوژی دژ بە گەلی کوردستان و یاسای نێودەوڵەتی سەردەم(کە بە نوکە قەڵەمێک لە لایەن بەعسیە نازیەکانەوە گۆڕدرا بۆ دژ بە گەلی عێراق)، لە چاوپێکەوتنێکمدا بە یەکێک لە دۆستە چەپەکانی عەرەبی عێراقی و گفتوگۆکردنمان لەسەر: بە کارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن دەسەڵاتی سەدامی فاشیەوە دژ بە کوردەکان بە مەبەستی پاکتاوکردنیان، هیچی پێنەبوو تەنها بە هەڵچونەوە ئەمەی ڕەتکردەوە بەو پاساوە لاوازەوە کە ئەمە ئیدعای داگیرکەرانە بۆ لەناوبردنی سیستەمی نیشتیمان پەروەری عێراق!!. بەم شێوەیە ئەبینین تاوانە بەربەریەکانی نازیەکان و فاشیەکانی عەرەب کە لە حیزبی بەعسی عێراقی وسوریدا تەواو جێگیربووبوو جیاوازی نەبوو لە هۆلۆکۆست و ئەو قسابخانە بێوێنەیەی کە نازیەکانی ئەڵمانیا بەرپایان کرد، دژ بە گەلانی سلاڤی و جولەکەکان لە جەنگی جیهانی دووهەمدا کە گەیشتە ئاستی دەرەوەی سنوری خەیاڵی مرۆڤ وبیرکردنەوەی!

### بارخانەی (پاشخان) ئایدۆلۆژی نازییەکان و بەعسییەکان!

بەسمانە لێرەدا ئاماژە بە چەمکە بنەڕەتی و ڕێنماییە ئایدۆلۆژییەکانی ئەڵمانیا بدەین کە بەعسییەکان وەریانگرت و لە ژێر داروپەردەی داروخاوی بەرلین، درسدان و ڤیینا و شارەکانی تری ئەڵمانیا و نەمساوە دەریانهێنا و پاش پۆشین و ڕووکەشکردنی بە چەفیە و عەگالی عەرەبی، کردیان بە بەرنامەیەکی پارکتیکەکراوی خۆیان لە کاری سیاسیاندا. وەک:

١- تیوری دەرفەتی زیندویی Lebensraum یان بەرفراوانبوونی قەڵەمڕەوی داگیرکەری و دوژمنکاری بە ڕوخساری جێنشینکردنەوەکانەوە لەسەر حسابی گەلانی تر و خاک و دەفەرە کوردیەکانی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان کە لە لایەن بەعسیە فاشیەکانەوە قوتدراو ئاوێتەکران لە باسکردن نایەن!.

٢ ـ وتەی خۆ بە زلزانین و باڵایی توخمی ئاری ئەڵمانی و عەربی بەسەر گەلەکانی تردا، وەک توخمی جەرمانی پاکژ و ڕەسەن و باڵا بەسەر ئەوانی ترد، یان وەک وتەی (ئێوە چاکترین نەتەوەی دەرکەوتوون لە ناو خەڵکدا) " وکنتم خیر أمة أخرجت للناس"

٣- تیوری پێشەوا و تاکە سەرکردەی متمانە پێدراوی هەتاهەتایی.

٤ ـ ڕەتکردنەوەی دیموکراتیەت و لیبراڵیەت و سندوقی دەنگدان و دامەزراندنی سیستەمێکی سەرکوتکەری دیکتاتۆر کە

هیچ ڕایەکی تر قبوڵ ناکات و بەڵام هەژموونێکی ڕەها بۆ عەسابات و هەواڵگری بە هەموو لقەکانیەوە لە ئارادا دەبێت.

٥- ڕێکخستنە حیزبی و سیاسیەکانی ئەڵەمانیای نازی کە پڕ بوو لە بیری توندڕەوی نەتەوەیی لە ژێر دروشمی ڕستەی چەپێتیدا - دیماگۆگیەتێکی توندڕەو زیاتر هیچی تر نەبوو: نازیەکان (حیزبی نەتەوەیی - سۆسیالیستی کرێکاری ئەڵمانیایان) هەبوو، بەعسییە فاشیستەکان(حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالستیان) هەبوو. ئەڵەمانییە نازییەکان(ڕێکخراوی لاوانی هتلەر) یاندامەزراند، بەعسیەکان (لاوانی شۆڕشیان دامەزراند)!!.

٦- نازییەکان بۆ ڕازیکردنی کەنیسە بەیاسا باجیان بەسەر موسڵمانەکاندا سەپاند، بەڵام بەعسیەکانیش تەنها بەوەوە نەوەستان کە خوتبەخوێنی ڕۆژی هەینی و فەرمانبەرەکانی ئەوقاف بکەنە بەکرێگیراو و نوسەرانی ڕاپۆرت، بەڵکو دەستیانوەردایە کاروباری خوا و فەرمانیان بۆ دەرکرد کە دەبوایە کێی دروست بکردایە و کێی دروست نەکردایە، ئەوە خاڵی سەدام حسەینی گۆڕ بە گۆڕ بوو خیر الله طلفاح، یەکێک لە عاشقانی ئەڵەمانیە نازیەکان، فەرمانی ئەدا بە دروستکەری گەردون و ئادەمیزاد بەم جۆرە: دەبوایە خوا سێ جۆر زیندەوەری دروستنەکردایە: جولەکە، فارس و میشومەگەز!!؟؟ هتلەریش هەمیشە دووپاتی دەکردەوە:خەباتم دژی جولەکە پەیامێکی خواییە. بەڵام عەرەبە نازیە بەعسیەکان و ئەوانەی هەوادارانیان بوون هەمیشە سێ شتیان بە ڤیزەون دادەنا لە جیهاندا، کورد و جرج و کولە.!!!

٧- نازییە ئەڵەمانیەکان جولەکە و قەرەج و کەمئەندامان و پاڵەوانانی بەرگری و زۆرێک لە دیلەکانی رووس و گەلی سلافیەکانیان لە تەنوری غازدا سووتاند، بەڵام بەعسییە نازییە عێراقیەکان و سورییەکان کوردیان لە عاموەدا و بەندیخانەی حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستاندا سووتاند و لە پەلاماری ئەنفالی بەدناودا کوردیان لە خوارووی عێراق و بیابانەکاندا زیندەبەچاڵکرد و بە گازی کیمیایی پاکتاویانکردن و بە دەیان هەزار کوردی فەیلیان پاکتاوکرد. **(جگە لە بێسەروشوێنکردنی هەشت هەزار بارزانی و کوشتنی ١١ هەزار کوڕو و کچی گەنجی کوردە فەیلییەکان و کاولکردن ٤٥٠٠ گوند و شارۆچکەی باشووری کوردستان و دەربەدەرکردنی دیان هەزرا ماڵی کوردی فەریلی بۆ ئێران و گۆڕینی دیموگرافیاو بە عەرەبکردنی چەندین شار و شارۆچکەی وەک کەرکوک و خانەقین و دووز و دووزخورماتو و شەنگار..... وەرگێر)**

٨- کۆمار و دەوڵەتی ترسو تۆقاندن وا دامەزرابوو، کە دەسەڵاتی یاسادانان ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بوو!، سەربەخۆیی داد و دادوەری تەنها بە نوسینی سەر کاغەز بوو.

مەبەست لەم پێشەکی وبەراوردکردنە، تا ڕوونکردنەوەیەک پێشکەشکەم بە خوێنەر کە بەعسیەکان تا چ ئاستێک توانیبویان بە بیری ڕەگەزپەرستی و نازی و شۆڤێنی عەقڵی نەوەکانی دواتر لە کۆمەڵگای عەرەبیدا ژهەراوی بکەن بە بڵاوکردنەوەی ڕق و قین ودڵپیسی بەرامبەر بە گەلی کوردستان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تاوانی خۆیان بە ڕشتنی ڕووبارێک لە خوێنی عەرب وکورد بسەپێنن و درێژەی پێبدەن. پەنابردنی بەعسیە سوریەکان بۆ نمایشکردنی فیلمی ئەبوجەعفەری مەنسور لەم ماوەیەدا بە تایبەت، کە پاڵەوانی کوردی جوامێر ئەبو موسلم ی خوراسانی ئەدوێنیت بەوتەی: خیانەت لە باوباپیرانی کوردتەوە بۆت ماوەتەوە!، هیچی تر نیە جگە لە بیرێکی ڕەگەزپەرستی وەرگیراو لە بارخانەی بیری ئەڵەمانی نازیەوە بە ئامانجی خۆشکردنی دژایەتی عەرب بەرامبەر بە کورد بۆ زیاتر پارێزگاری لە دەسەڵاتی بەربەری خۆی.

دەسەڵاتی یاسایی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە تاوانەکانی بەعسی فاشیستی عێراقی دژ بە کوردە فەیلییەکان بەو پێیەی کە لەسەرەوە هاتووە و بە تێروانینی نەخشی گەورە و بەرزی برا کوردەفەیلییەکان لە هەردوو کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستانیدا لە ئەفراندنی سیاسەت و زانست و بازرگانی و ڕۆژنامەگەری و لقەکانی بزووتنەوەی سیاسی پێشکەوتوخوازی عێراقی بە هیمەتی کادرو عەقڵەبەرزەکان و سەرکردە لێهاتووەکانی، کە بە هەزارەهایان چونە ڕیزی پێشمەرگەی پاڵەوان و قوربانیاندا بە ڕۆحی پاکیان لە ڕێگەی ڕزگارکردنی کوردستان لە دەست لەشکری سەدامی فاشیست و جاشەکانی، تا دەسەڵات کەوتە تۆڵەسەندنەوە و پاکتاوکردنیان.

گەورەترین تاوانێک کە دەسەڵاتی سەدامی بەربەری و نازی کردیان، بەندکردن و بارمتەکردنی کچان و کورانی تازە هەڵچووی تەمەن خونچەیی ١٣ تا ٢٨ ساڵان بوون کە بە شێوازێکی وەحشیگەرانەی بێ نموونە لەناویانبردن ، بەبێ ئەوەی تاوان و گوناهێکیان کردبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کورد بوون، چەکی کیمیایی و میکرۆبییان بەسەردا تاقیکردنەوە کە ژمارەیان

نزیکەی ١١ هەزار کەس بوون. وەک زانراویشە لە جەنگی عێراق - ئێراندا، بە دەیان هەزار لە کوردە فەیلییەکان دوورخرانەوە بۆ ئێران، بە بیانووی تەبەعیەتی ئێرانی بوونیان، پاش دەستبەسەراگرتنی ماڵ و موڵکی گوازراوە و نەگوازراوەیان و تەنانەت پێناسەی کەسێتیشیان لێسەندرایەوە. بێگومان ئەم تاوانە هەمەجیانەی سەدامی عوجە و تاقمە فاشیەکەی کە بەرپاکرا بەرامبەر بە کوردە فەیلیەکان پێشێلکاری و دژایەتیەکی تەواوی هەموو بنەماو پایەکانی یاسای نێودەوڵەتیی سەردەمە، تیاشیاندا یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیەکان.

**ئەگەر هەوڵبدەین بۆ ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی تاوانە کۆمەڵکوژییەکان و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە بەرپاکرا لە لایەن دەسەڵاتی سەدامی دیکتاتۆرەوە دژ بە کوردی فەیلی لەسەر بنچینەی مادەی شەشەم کە دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی وا تێیدەڕوانێت، ترسناکترین پێشێلکاریی مافی مرۆڤی نێونەتەوەییە. بە مانایەکی تر تاوانی جینۆسایدە یان پاکتاوکردنی ڕەگەزییە، کە پێناسەی لە تاوانی کۆمەڵکوژی ڕێکەوتننامەی قەدەخەکردنی کۆمەڵکوژیی ١٩٤٨ وە وەرگیراوە. چەمکی کۆمەڵکوژیی یەکێکە لەم کردەوانەی خوارەوە کە دەکرێت بەمەبەستی لەنێوبردنی کۆمەڵێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی، دینی، لە ناوبردنێکی گشتی یان بەشێکی:**

***- کوشتنی تاکەکانی کۆمەڵێکی نەتەوەیی، وەک پێگەیاندنی زەرەری جەستەی و عەقڵی بە تاکەکانی کۆمەڵ.**

***- ژێردەستەکردنی حاڵەتی بژێویان بە مەبەستی تواندەوەیەکی گشتی یان بەشێکیان.**

***- قەدەخەکردنی بوونی منداڵ و زاوزێکردن.**

***- بەخشینی منداڵەکانیان بە کۆمەڵێکی تر.**

بەمپێیە پێویستە سزای تاوانبارانی تاقمی سەدام و ئەو تاوانبارانەی کە ئێستا لە ژێردەستی دادی عێراقیدان بدرێت بە هۆی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە کوردی فەیلی ئەنجامیانداوە بەپێی، بەندەکانی پەیمانی نێودەوڵەتی کە لەسەرەوە نیشاندراوە چونکە بنچینەی تاوانەکە کوشتن و لە نێوبردنی بە مەبەست و بە ئاگایی پێشوەخت بۆ پاکتاوکردنی کوردە فەیلییەکان بووە بە تەواوەتی و بەجۆرێک کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی چەندوچون و ئەملاو ئەولاوە.

من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی هاوڕێ مافناس و نووسەرەکانم بۆ سزادانێکی بەهێزی بکوژان و تاوانباران، تا ببێت بە پەند و ڕەتدانەوەیەک بۆیان، و، داواکارم لە حکوومەتی عێراقی بۆ قەرەبووکردنەوەی کوردە فەیلیەکان لە زەرەرمەندبوونیان لە ڕووی گیانی و مادیی ئەم توێژە گرنگە و کارایە لە کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستاندا. کە ئەم هەنگاوەش دەبێت بە پشتیوانییەکی بەهێز و قووڵی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراق و بەرنامەڕێژیەکی گرنگە بۆ نەگەڕانەوەی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی تاکڕەویی فاشستی دینی بۆ دەسەڵات لە عێراقدا.

***- د. ئالان مافناس، پسپۆر لە یاسای نێودەوڵەتیدا. سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی بۆ بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ لە نەمسا. شباتی ٢٠٠٩**

*** - دۆن کیشوت: ئەو کەسە بوو کە شەڕی ئاشە هەوایيەکانی کرد.**

**پاڵەوانی چیرۆکە نایەبەکەی نوسەری ئیسپانی (میجیل دی سیرفانتس) (١٥٤٧-١٦١٦م)، ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٦٠٥ نوسراوە. دون کیشوت، پیاوێکی درێژی لاواز و تەمنی خۆی دەداتە لە ٥٠ ساڵی، بۆرژوازێکی نیمچە دەوڵەمەند لە یەکێک لە لادێکانی ئیسپانیادا دەژیا لە دەوروبەری سەدەی ١٦هەمدا. ژنی نەهێنابوو لەبەر خوێندنی زۆری لە کتێبی فردەوسیدا خەریک بوو عەقڵی لە دەستبدات و لە ژیانی واقعی دووربکەوێتەوە!! بە شێوازێک کەوتە هەوا و خەیاڵی خۆی تا ئەو ڕادەیەی کە بیر لە ڕۆڵی سوارە گەڕۆکەکان بکاتەوە و ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر کە ئەوان گرتبویانە بەر لە پیاکێشانی زەویدا و دەرهێنان و پەخشکردنی دادوەری و سەرکەوتنی لاوازاندا، وە بەرگریکردن لە بێوەژنان و هەتیوان و هەژاران، یەکەم جەنگی ئەم سوارە خەیاڵاوییە کە ویستی بەرپای بکات دژ بە ئاشە هەواییەکان بوو، کە وای دادەنا ئەمانە ئەو ئەهریمەنە باڵ درێژانەن کە سەرچاوەی شەڕن لە جیهاندا، هێرشی بردە سەریان بەبێگوێدانە ئەو دەنگەی کە بە ئاگای دهێنایەوە! کەوتە تیربارانکردنیان و تا کەوتە بەر هێزی ڕامالینی ئەو باڵە درێژانەوە و دوای بەرزکردنەوەی کێشای بە زویدا و هەپرون بە هەپرونی کرد. ( وەرگێر..).**

# نیشتمانپەروەری لەمێژینەی گەلەکەمان، تێکۆشەری ڕێبازی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، کاک عەبدولقادر دەباغی (مامە قالە)، لەشاری لەندەن کۆچی دوایی کرد



خەباتکاری ناسراوی گەلەکەمان کاک عەبدولقادری دەباغی، لە ڕێکەوتی ١/١/١٩٢١ی زایینی لەشاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بەدنیا هەڵێنا. پاشان لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونە شاری سەقز و لەو شارە نیشتەجێ بوون.

هەر لەسەرەتای لاویتییەوە بوو بە ئەندام لە کۆمەڵەی "ژێکاف" و، یەکێک لە چالاکترین ئەندامانی ژێکاف، کە لە پەرەپێدانی ڕێکخستنی ژێکاف و پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە بیروباوەڕی نەتەوەیی، دەورێکی باڵای هەبوو. پاش هەڵوەشاندنەوەی ژێکاف و دامەزرانی کۆماری کوردستان و، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، چالاکانەتر ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی بەڕێوە برد و، جگە لەوەی کە ئەندامی دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆمار بوو، هەروەها لە گۆڤاری "گروگاڵی منداڵان" و "کوردستان" و "هاواری نیشتمان" دا وتاری بڵاودەکردەوە.

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی و، زاڵبوونی دەسەڵاتی نگریسی حەمەڕەزاشای گۆڕ بەرگۆڕ بەسەر کوردستاندا، مامە قالە و سەدان ئازادیخوازی دیکەی گەلەکەمان، دەگیرێن و، پاش دوورخستنەوەیان لە کوردستان، لە زیندانەکانی ئێراندا بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەرەورووی زیندان و دارکاری و ئەشکەنجە دەبنەوە.

مامۆستا عەبدولقادری دەباغی، ساڵی ١٩٩٢ی زایینی بەرەو هەندەران ڕێی ئاوارەیی گرتەبەر و، چووە بەریتانیا و لەشاری لەندەن نیشتەجێبوو. لەماوەی ژیانی دوورەوڵاتیدا، لەلایەن زۆربەی میدیای سەربەخۆ و حیزبیی کوردییەوە دیمانە و وتووێژی لەگەڵدا ئەنجامدرا و، بەدەیان بابەت و وتاری سیاسی و ئەدەبیی لە گۆڤارەکان – لەوانە لە گۆڤاری "کۆنگرە" دا بڵاوکردەوە. لە کۆنگرە و سەمینار و کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا چالاکانە بەشداریدەکرد و، بەردەوام هاودەنگی و پشتیوانیی خۆی لە بیروباوەڕی پیرۆزی کۆنگرە و چالاکی و خەباتی ڕەوای هاوبیرانی کۆنگرە دەردەبڕی.

نووسەر، وەرگێڕ و، نیشتمانپەروەری گەلەکەمان مامۆستا عەبدولقادری دەباغی، یادگاری ژێکاف و کۆماری کوردستان، ڕێکەوتی ٦/٢/٢٠٠٩ لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کرد و، بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین.

بەبۆنەی کۆچی "مامە قالە"ی بەڕێزو خۆشەویستەوە، پرسە و سەرخۆشیان ئاراستەی هاوسەری بەڕێزیان (نەسرەت خانم) و ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی و، هاوبیران و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان و تێکرای نەتەوەی کورد دەکەین.

**هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی مامە قالەی دەباغی و، ئامانج و بیروباوەڕی پیرۆزی هەمیشە بەرز و بەڕێز ڕادەگرین.**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**٧/٢/٢٠٠٩**

# تاوانی جینۆسایدی ئەرمەن



نووسین و، ئامادەکردنی:
محەممەد شەیدا

ئەنجومەنی گشتیی ئەمریکا لەکۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/١٠ دا، بڕیارێکی دەرکرد بە تاوانکردنی ترک بە جینۆسایدی ئەرمەن. بەڕاستیی، ئەم تاوانکردنەی ترک زۆر دواکەوت و، پێویستبوو لەکاتی خۆیدا ئەم بڕیارە دەربکرایە، لەلایەن ئەمریکا و دۆستەکانییەوە، واتە؛ ئەم بڕیارە دەبوایە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی دەربکرایە. بەمانای ٢٤ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر جینۆسایدی ئەرمەندا، کە لە١٨٩٤ وە دەستپێدەکات تا کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی، بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە. لێرەدا پرسیارێک بەبیرمان دێت ئەویش ئەوەیە؛ بۆچی ئەمریکا و دۆستەکانی پاش ١١٤ ساڵ دانیاننا بەتاوانکردنی ترکدا و تاوانی سەرشانی کوردیان سڕییەوە؟ ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە ئەمریکا لەڕۆژی دروستبوونییەوە تا ئێستا لەشوێن بەرژەوەندیی خۆی گەڕاوە و دەگەڕێ. کورد گوتەنی: (کەس کوڕی خۆی ناکات بەقوربانی کچی کەس). هەمیشە ئەمریکا بەدوای هەلدادەگەڕێت.

پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی، یەکێتی سۆڤێت یەکەم دوژمنی گەورەی ئەمریکا بووە و، هەوڵی ئەوەیدەدا بەرلەم دوژمنە ئایدۆلۆژییەی بگرێ و نەهێڵێ بیروباوەڕی کۆمۆنیست بگاتە خۆرئاوای ئەوروپا، ئەمریکا توانی ئەمەبکات بەهۆی ترکیاوە، هەروەک بەربەستەک ترکیای بەکارهێنا بۆ وەستانی شەپۆلی کۆمۆنیست. ئەمریکا سیاسەتی وایە تا هەتا هەتایە دۆستایەتی کەس ناکات، بەڵکو دۆستایەتی ئەمریکا، وەستاوە لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوایەتی و ئابووری خۆی و، ئەم دۆستایەتییە لەکوێدا پچڕا، لای گرنگ نییە.

ئەمریکا ئەمڕۆ گەورەترین دوژمنی لەکۆڵ کەوتووە، کە یەکێتی سۆڤێت بوو. بەڵام لەبەشی دووەمی سەدەی (٢٠)دا دوژمنی نوێی بۆ پەیدابووە، یەک لەو دوژمنانە ئەو لایەنانەن کە ئەمریکا خۆی دروستی کردبوون دژ بە یەکێتیی سۆڤێت لەئەفغانستاندا بەناوی ئاینەوە. هەروەها لەئێراندا شاه لووتیکردبووە هەوا و، لەژێر ئەمریکا دەرچووبوو، ئەمیش لایەنێکی ئاینی بۆ دروستکرد و شای ئێرانی بە لافاوی ئاینی خنکا و باروودۆخی نوێ هاتەکایەوە. ئەمڕۆ ئەم لایەنە ئاینییە لەئێراندا هەر بەو چەکی ئاینییەوە بەرامبەر ئەمریکا وەستاوە و، دژایەتیی ئەمریکا دەکات.

دوژمنی دووەم روسیای ئەمڕۆیە کە لەم چەند ساڵەی دواییەدا ئابووری بووژاوەتەوە و بووەتە کۆسپ و بەربەست لەبەردەم پرۆژەکانی ئەمریکادا. ئەمڕۆ ئەمریکا پاڵپشتیی لە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ دەکات و، هانی دۆستەکانی دەدات، دان بنێن بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆدا، چۆنکە بەرژەوەندیی ئەمریکا وایپێویستدەکات کە جێپێی هەبێت لەخۆرهەڵاتی ئەوروپا و لە نێزیک سەرسنووری روسیاوە بتوانێ لەداهاتوویەکی نێزیکدا، بنکەی سەربازیی تێدا دابمەزرێنێ. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکیترەوە، ئەمریکا دەیەوێت سۆزی گەلی ئەرمەنی و، کۆماری ئەرمەنی بەلای خۆیدا ڕاکێشێ، چۆنکە بەنسبەت ئەمریکاوە، ئەرمینیا زۆر ستراتیژییە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە. کەواببوو ئەگەر ئەمریکا جێپێی خۆی بکاتەوە لەئەرمینیادا، دوو نیشانە بە بەردێک دەپێکێ: "نیشانەی یەکەم؛ لەڕووسیا نێزیک دەبێتەوە بەهۆی جۆرجیای سەرسنوری ئەرمینیا، و ئەمریکا دەتوانێ بەقۆچەقانی هێزی رووسیا

دەمکوت پێبکات، هەروەها نیشانەی دووەم؛ دێتە سەرسنوری ئێران بەهۆی ئازربایجانی سەرسنوری ئەرمینیا، ئەوسا بە ئاسانی ئەمریکا دەتوانێ دەستوپێوەندی خۆی بخاتە کار و ببنە کرمی ناو لەشی مەلاکانی ئێران و دایانوەرێنن و گۆرەپان بۆ ئەمریکا چۆڵبێ". واتە؛ ئەمریکا هیچ کارێک ناکات ئەگەر بەرژەوەندیی خۆی تێدانەبێت. ئەم نەخشەیەی دەبینی جەختی ئەم ئەم دووانە دەکات، بەباشی لێوردبەرەوە و، ئەمیش هەندێکە لەرووداوە جینۆسایدەکانی ئەرمەن.

## رووداوەکانی جینۆسایدی ئەرمەن

ئەرمەن یەکێکن لەکۆنترین نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. نیشتمانی ئەرمەن ناسراوە بە (ئەرمینیا) یان (ئەرمەنستان). ئەم وڵاتە کەوتووەتە بەشی باکووری



سەرچاوەکانی رووباری فورات، واتە؛ لەگەڵ کوردستاندا سەرسنوورن. ئەرمەن لەدێرزەمانەوە خاوەنی شارستانی و قەوارەی سیاسی بوون و زمانی تایبەتی خۆیان هەبووە کە یەکێکە لەزمانەکانی هێند - ئەورووپی. بەسەرهاتی کورد و ئەرمەن لەیەکدەچن لەرووی ئەو رووداوانەی کە بەسەر ئەم دوو نەتەوەیەدا هاتووە، لەکوشتن و برین و سوتاندن و وێرانکردن، بەدەستی رۆمان و سەفەوییەکان و ترکەکان - بەتایبەتیی پاش هەرەسهێنانی قەوارەی سیاسییان و سەربەخۆییان و داگیرکردنی نیشتمانیان.

ئەرمینیا لەساڵی ٣٨٧ی پ.ز. دابەشکرا لەنێوان ساسانییەکان و بیزەنتیەکان. لەسەدەی (٨)هەمدا، ئەرمینیا بووبە پارچەیەک لەئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامیی. لەنیوەڕاستی سەدەی (١١)هەمدا بۆ جارێکیتر ئەرمینیا کەوتەوە ژێردەسەڵاتی بیزەنتینییەکان، پاشان سەلجووقییەکان دەستیانگرت بەسەریدا. لەم بارودۆخەدا گەلێک رووداوی دڵتەزێن بەسەر ئەرمەندا هات، لەکوشتن و برین و وێرانکردن و سوتاندن و راگواستنی زۆرەملێی.

لەنیوەڕاستی ساتەی (١٣)هەمدا شەپۆلی مەغۆل بەسەر ئەرمەنستاندا هات، کە ژێردەست و پێکەوتن و تاریکییان بەسەرداهات. لەنێوان سەتەی (١٦-١٨) ئەرمەنستان بووە بە گۆرەپانی شەڕ و پێکدادان لەنێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکاندا. لەسەردەمی شاه عەباسی سەفەویی بە دەیانهەزار لە دانیشتوانی ئەرمەنستان بە زۆرەملێ راگوێزران. لەساڵی ١٦٣٩ی زایندا ئەرمەنستان بە رەسمیی کرا بەدوو بەشەوە، بەشی سەفەوییەکان و بەشی عوسمانییەکان، پاش شکاندنی سەفەوییەکان لەشەڕی ئێران و رووسیادا، لەساڵی ١٨٢٦-١٨٢٨، بەپێی بەستنی پەیمانی (ترکمانچای)، لەساڵی ١٨٢٨ وە، ئەرمینیای خۆرهەڵات، بوو بە بەشێک لەڕووسیا.

هەر بەو شێوەیە، ئەم بارودۆخە و کارەساتانە بەسەر کورد و کوردستانیشدا هاتووە، بەڵکو بەخراپتر و توندوتیژتریش، بەتایبەتی پاش شەڕی چاڵدێران بەدەستی سوڵتان سەلیمی یەکەم و لەساڵی ١٥١٦ی زاینی کوردستان داگیرکرا و ، ٢٨٠ گوندی کوردی سوتاند و وێرانکرد و، دانیشتوانەکانی راگواست بۆ نێوچە ترکییەکان و لێی قەدەغەکردن کە بەزمانی کوردی بدوێن.

پێوەندیی نێوان کورد و ئەرمەن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میدییەکان، بەڵام لەسەردەمی ئیسلامیدا ئەم پێوەندییە زیاتر ئاشکرا و روونبوو کاتێک ئەرمینیا و کوردستان دابەشکران لەنێوان فارسەکان و عوسمانییەکاندا و دواڕۆژیان وەک یەکیلێهات. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک فاکتەر بووەتە هۆی ساردی و دوورخستنەوەیان لەیەکتر، کە ئاین یەکێکە لەو فاکتەرانە، بەڵام ئاین بۆ ماوەیەکی زۆر نەبووەتە هۆی

ساردی و دورخستنەوە تا سەرهەڵدانی هەندێک هۆکاریتر.

هۆکاری دووەم؛ کە ئەم دوو نەتەوەیە لەیەکتر دوور دەخاتەوە پێشکەوتنی ئەرمەنە بە بەراوردکردنی لەگەڵ گەلی کورددا. ئەرمەن پێش گەلی کورد بە قۆناغی کۆیلایەتیدا تێپەڕ بووە و سەربەخۆ بووە و شارستانییەتی دامەزراندووە کە هێشتا کورد لەقۆناغی ژێردەستەیی و دەربەگیدا ژیاوە، هەروەها ئەرمەن زمان و ئەدەبی زووتر پێگەیشتووە و ماوەیەکی زۆر ژێردەستەی دەوڵەتێکی ئەورووپی پێشکەوتوو بووە و، پێش کورد گونجاوە لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداریدا و باری کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری نوێی زووتر بەخۆیەوە دیوە. ئەوانە هەمووی بووەتە گۆڕانکاری بنەڕەتیی لە گەلی ئەرمەندا.

پیشەی پیشەسازی لەئەرمینیادا لە دێرزەمانەوە هەبووە و بایەخی پێدراوە، بۆ نموونە، گەلێک لەوڵاتە خۆرهەڵاتییەکان و خۆرئاواییەکان سوودیان لەپیشەکانی ئەرمەن وەرگرتووە، بەتایبەتی پیشەی بیناسازی و جوانکاری و هونەری تر. هەروەها جوتیارەکوردەکان کەرەسەی کشتوکاڵیان لەئەرمینیاوە راکێشاوە وەک؛ داسن و گاسن و تەوراس و هیتر.کاتێک پارە بەکارهێنرا لەکڕین و فرۆشتندا، ئەرمەنییەکان دەوڵەمەند بوون و سەرمایە کەوتە دەستیان، بەڕادەیەکی وەها جوتیار و هەژارە کوردەکان روویاندەکردە ئەرمەنییە دەوڵەمەندەکان بۆ قەرزوقۆڵە و، هەندێ جاریش دەرەبەگە کوردەکان تالانی دەوڵەمەندە ئەرمەنییەکانیان دەکرد.

ئەوەی شایەنی باسە، بەشداربوونی ئەرمەن لەبازاڕی سەرمایەداریدا و بەرزبوونەوەی رادەی رۆشنبیری و زانیاریی، بووە هۆی گەلێک گۆڕانکاری لەنێوخۆدا. هەروەها بەرزبوونەوەی رادەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و روودانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی ئەرمەن، بووە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد لەئەنجامەکانی بترسێ. لەگەڵ ئەوەشدا هۆکار هەیە کورد و ئەرمەن لێکنزیک بکاتەوە وەک؛ چەوسانەوەی هەردوو گەلەکە و دابەشبوونی خاکیان لەلایەن عوسمانییەکان و سەفەوییەکانەوە، هەروەها سەپاندنی باجێکی قورس بەسەرشانی زەحمەتکێشانی هەردوو گەلەکە و راگواستنیان و کوشتن و بڕینیان و تاڵانکردنیان و ئابڕووبردنیان.

وەک لەپێشەوە باسمکرد خۆرهەڵاتی ئەرمینیا کەوتە ژێردەستی رووسیاوە، ئەمە بووە هۆی پێشکەوتنی ئەرمەن لەڕووی ئابوری و سیاسی و رۆشنبیرییەوە و، هۆیەک بوو بۆ ئەوەی ٩٠ هەزار ئەرمەنی لەخۆرئاوای ئەرمینیاوە کۆچکەن بۆ بەشی خۆرهەڵاتی ژێردەستی رووسیا و، زۆرجار سەرداره ئەرمەنییەکان داوایان لەڕووسیا دەکرد، لەکاتی ململانێیان لەگەڵ عوسمانییەکاندا یارمەتییان بدات.، هەروەها لەشەڕی رووسیا و عوسمانیدا کەساڵانی ١٨٧٧- ١٨٧٨ روویدا، زۆر لەئەرمەنییەکان چوونەپاڵ رووسیا دژ بە دەوڵەتی عوسمانیی.

رووسیای قەیسەری، هەوڵی ئەوەی ئەدا ئەرمەن بەلای‌خۆیدا راکێشێ، چونکە دەیویست بەشی خۆرئاوای ئەرمینیا بخاتە ژێرچەپۆکی خۆیەوە، بەڵام ئەرمەن هەوڵی رزگاریی ئەدا و بەگەلێک شۆڕش و راپەڕین هەستا، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی بە دەستێکی ئاسنینەوە ئەو شۆڕش و راپەڕینانەی دامرکانەوە. هەرچەندە راپەڕینەکانی ئەرمەن دەستکەوتی نەهێنایە دەست، بەڵام کێشەی ئەرمەن لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دەرچوو و، بوو بە کێشەی دەوڵەتان و لەپەیمان و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا، باسدەکرا، وەک؛ پەیمانی (سان ستیڤانو) ١٨٧١ی ز. و کۆنگرەی بەرلین هەر لەو ساڵەدا.

ئەم بارودۆخە نوێیە وایکرد کە ئەرمەن سووربێت لەسەر سەربەخۆیی و ململانێی دەوڵەتی عوسمانیی، واتە؛ کێشەی ئەرمەن مەترسی پەیداکرد، کە ئەرمینیای خۆرئاوا لە دەوڵەتی عوسمانی جیاببێتەوە. دەوڵەتی عوسمانی لەجیاتی هەستان بە چاکسازی و چاککردنی باری ژیانی گەلی ئەرمەن، توندوتیژی بەکارهێنا، بەتایبەتیی لە سەردەمی سوڵتان عبد الحەمیدی دووەم کە بووە هۆی روودانی زنجیرەیەک لەقەساوکاری ئەرمەن و جینۆسایدکردنی.کۆمەڵکوژیی ئەرمەن بەشێک بوو لەتەواوکردن وبەردەوامبوونی ئەو کارەساتانەی کە دەوڵەتی عوسمانی بەسەر دانیشتوانەکانیدا هێنای، لەکورد و ئەرمەن و عەرەب و بولقانییەکان و هیتر.

یەکێک لەبینەرەکان دەڵێ، ژمارەی جینۆسایدکراوەکانی ساڵی ١٨٩٤- ١٨٩٦ گەیشتووەتە نێزیکەی ٢٠٠،٠٠٠ کەس، بینەرێکیتر دەڵێ، ژمارەی جینۆسایدکراوەکان لە ٢٥٠،٠٠٠ کەس لایداوە. یەکەم جینۆسایدی ئەرمەن لەنێوچە شاخاوییەکاندا روویداوە نێزیک شاری (Sassoun) (ساسون). هۆی ئەم کۆمەڵکوژییە هەروەکو جینۆسایدەکەی باڵکانە کە باجیاننەداوە بە ترکەعوسمانییەکان، گەلێک کەمایەتیی فەڵە (مەسیحی) لەنێوچە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی، هەر ئەو کێشەی باجیان هەبووە، بەتایبەتی نێوچەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، یەکەم

کۆمەڵکوژیی ئەرمەن لەمانگی ئاب – ئەیلولدا دەستپێدەکات کە نێزیکەی ٤٠ گوند وێرانکران وسوتێنران و، ١٠ هەزار ئەرمەنی کوژران. لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا کۆمەڵێک ئەرمەن هەستان بە شۆرش و راپەرین دژ بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەن بە دەستی ترکەعوسمانییەکان، هەرچەندە شۆرشەکە بەربڵاوبوو بەڵام وەک پێویست جێی خۆینەگرت، چۆنکە بەرهەڵستیی کوردەکان دوور بوو لەهێزە عوسمانییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ٧٠-٨٠ گوند قەدەغەیانکرد باج بدەنە دەوڵەتی عوسمانیی. لەبەر ئەمە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی ئەوەیدەدا کە تاوانی جینۆسایدی ئەرمەن بسەپێنێ بەسەر کوردەکاندا، بۆ ئەم مەبەستە عوسمانییەکان فەیلەقی چواری ئامادەکرد لەژێر سەرکردەیەتیی سوڵتان عبد الحمیدی دووەمدا. (ئەم فەیلەقی چوارە ناسراو بوو بە سوارەی حەمیدی کە زۆریان کورد بوون، بەڵام بە شێوەی رەسمی بەشێک بوون لە لەشکری عوسمانی. ئەم فەیلەقە بەکاردەهێنرا بۆ دامرکانەوەی هەموو بەرهەڵستی و راپەرین و شۆرش و سەربزێوییەک دژ بە دەوڵەتی عوسمانی). سوڵتان عبد الحمیدی دووەم دوودڵ بوو لەوەی کوردەکان باجەکانیان بدەن بە دەوڵەتی عوسمانیی، لەبەرئەمە کە ئەرمەنییەکان بەرهەڵستی باجدانیان کرد، عوسمانییەکان بەڵگەیان بەدەستەوە دەبێ کە قەلاچۆی ئەرمەنییەکان بکەن.

ڤاهاکن دادریان Vahakn Da Drian دەڵێ: (کۆمەڵکوژی و کوشتنوبرینی ئەرمەن لەلایەن ترکە عوسمانییەکانەوە دادەنرێت بە گەورەترین تاوان لەمێژووی ترکدا، کە ماوەی ٢٤ رۆژی پێچووە لە ١٨ی ئاب – ١٠ی ئەیلول). لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٥ دا، خۆپێشاندانێک لە کۆنستانتنی بۆپل روویدا Constantinople کە رێکخراوی ( Hunchakists هەنچاکیستس) رێکیخستبوو، زۆر ئەنجامێکی خراپی هەبوو. ئەم خۆپێشاندانە ئاشتییە رێکخرابوو دژ بە جینۆسایدەکەی شاری ساسون sasson و نائارامی نێوچە گوندییەکانی ئەرمەن و بێکاری عوسمانییەکان، ئەم خۆپێشاندانە کە نزیکەی ٤٠٠٠ کەس دەبوو، هێرشی کرایەسەر لەلایەن ترکەکانەوە و ژمارەیەکی زۆریان لەخۆپێشاندەرەکان کوشت. پاش ئەم رووداوە گەلێک رووداوی دڵتەزێن بەسەر شاری (زیتون Zieton)دا هات، بەڵام هەندێک لەترکەدۆستەکانی ئەرمەن، ئەرمەنییەکانیان ئاگادار کردەوە کە کۆمەڵکوژ دەکرێن. لەڕاستیدا زۆری پێنەچوو سوارەی حەمیدی (فرسان عبدالحمید) دەستیانکرد بە وێرانکردن و سوتاندنی گوندە ئەرمەنییەکان. ئەم کارەساتە نامرۆڤیانە وایکرد کە ئەرمەنییەکان رووبکەنە وتووێژوودواندن لەگەڵ عوسمانییەکاندا کە هیچ ئەنجامێکی باشەی لەدوانەبوو.

لەکۆتایی ساڵی ١٨٩٥ عوسمانییەکان بۆ جارێکیتر هێرشیان بردەوەسەر ئەرمەنییەکان لەشاری ڤان (wan) و، شارەکەیان وێرانکرد و سووتاندیان و تالآنیان کرد. ئەم نەهامەتییەی شاری ڤان نزیکەی ٩ رۆژی پێچوو کە نزیکەی ٢٠،٠٠٠ ئەرمەنی تێدا کوژرا. لەئابی ١٨٩٦ی ز. کۆمەڵێک لەتاشناقییەکان کە بەشێکن لەئەرمەن، بانکی Bank عوسمانییان داگیرکرد و دەستیانگرت بەسەریدا لەپایەتەختی ئەرمینیادا، ئەمە کارێکی ئازایانە و جەربەزانە بوو، بەڵام بەداخەوە



ئەنجامێکی خوێناویی لەدواوە بوو، چۆنکە بە هەزاران ئەرمەنی تێدا کوژرا و بە هەزاران کۆچیانکرد و زێد و ولاتی خۆیانیان بەجێهێشت. وەنەبێت تەنها شاری ساسون و کونستانتی نۆپل و زیتون و ڤان، تووشی ئەم کۆمەڵکوژییە بووبن، بەڵکو گەلێک شار و شارۆچکەی تریشی گرتبووەوە، وەک؛ شاری (ئیغان Egan). قەشەیەکی ئەرمەنی بەناوی (ئیبراهیم هارتونیان) کە یەکێکە لەرزگاربووەکانی شەرەکە و بەچاوی خۆی دیویەتی، دەگێرێتەوە و دەڵێ: "رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ١٨٩٥/١١/٣ زەنگی کەنیسە زۆر بێدەنگ بوو، کەنیسە و خوێندنگەکەی رووخێنرا و سووتێنرا. لاشەی قەشە و مامۆستا و خوێندکار و سەرۆکی ئۆرکێسترای سروودی ئاینی و

مۆسیقاژەن، هەموو ژێر داروپەردووی کەنیسە و خوێندنگە کەوتن. کەنیسە و خوێندنگە و ماڵەئەرمەنییەکان تالانکران و وەک ئەشکەوتی بەتاڵیان لێهات. ٥٠٠ پیاو سەربڕان، هەزاران زامدار لەژێر داروپەردوودا جێهێڵران، هەزاران کیژ و ژن رفێنران، هەزاران کچۆڵە لەشەرمی ئابرو بردنیان و شەرەفیاندا تووشی فێ (الصرع) بوون".
هەروەها قەشە ئیبراهیم دەڵێ: "رۆژی پێنجشەممەی رێکەوتی ١٨٩٥/١١/٧ کە پێنجەم رۆژی دیلمان بوو، بردیانین بۆ گۆرەپانێک. منداڵە وردکە و ژنەترکەکان لەقەراغ شەقامەکانەوە بەردەباران (رەجم) یان دەکردین و، بە نەحلەت دەکراین و، قسەی سووکیان پێدەوتین و، هەروەکو شێت پەلاماریان دەداین".

ساڵی ١٩٠٩ کۆمەڵکوژییەکی دیکە لەشاری ئەدەن روویدا کە نێزیکەی ٣٠،٠٠٠ ئەرمەنی تێدا کوژرا. ئەم کۆمەڵکوژییەی شاری ئەدەن، پاش شۆرشی لاوانی ترک بوو کە لەئابی ١٩٠٨ دا روویدا و، داوای ئەوەیان دەکرد کە ترکە عوسمانییەکان دەست هەڵبگرن لەکوشتن و بڕینی ئەرمەن و کۆتایی بهێنن بە کۆمەڵکوژییان.

هەروەک (ئیبراهیم مارتونیان) دەگێڕێتەوە کۆمەڵکوژیی هەمیشە لەرۆژی هەینیدا (الجمعە) روویدەدا کە موسڵمانەکان لەمزگەوتەکانیاندا مۆڵیان دەخوارد بۆ نوێژی رۆژی هەینی.

ئەم کارەساتانەی دەوڵەتی عوسمانی پێیهەڵدەستا دژ بە کورد و ئەرمەن بەتایبەتی سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم، وای لەئەرمەن کرد بچنەپاڵ ئەو رێکخراوانەی دژ بە دەوڵەتی عوسمانیی، بەتایبەتی "رێکخراوی ئیتحادیەکان"، بەڵام کاتێک ئیتحادییەکان هاتنە سەرحوکم و دەسەلاتیان وەرگرت بە هەر بەو سیاسەتی رابردوو کرداریان لەگەڵ ئەرمەندا دەکرد و ئەمانیش کەوتنە قەلاچۆکردنی ئەرمەن.

شەری یەکەمی جیهانی دەستپێکرد و عوسمانییەکان بە هەڵەی سوڵتان، چونەپاڵ ئەڵمانیای مەزن، بەلام ئەرمەنییەکان چونەپاڵ رووسیای قەیسەری بۆ تۆڵەسەندن لەترکە عوسمانییەکان.

ساڵی ١٩١٠ ترکە عوسمانییەکان دەستیانکرد بە جینۆسایدی ئەرمەن لەشاری موش و وان و بەتلیس و گەلێک شاری تر. زۆر لەو تاوانانەی ترکە عوسمانییەکان پێیهەڵسابون دژ بە ئەرمەن خرایە سەرشانی کورد و، عوسمانییەکان سوودیان لەجیاوازی ئاینیی بینیبوو لەنێوان کورد و ئەرمەندا، بەڵام لەراستیدا ئەمە دوورە لەراستییەوە، چونکە کورد خۆی جینۆساید دەکرا لەلایەن عوسمانییەکانەوە و، بە هەزاران گوندی کورد سوتێنرا و وێرانکرا. لەم بارەیەوە (میجەرسۆن) لەنووسراوەکەیدا دەڵێ: (فەڵەکان لەکوردستاندا لەئاشتی و ئاسیشدا دەژیان و هەستیان بە ئێش و ئازاری یەکتر کردووە). و هەر بەو شێوە کۆمەڵەی دەوڵەتان (عصبة الامم)، جەختی ئەمە دەکات کە کورد و ئەرمەن وەک برا و بە هاوکاری یەکتر لەکوردستاندا ژیاون. ئەوەی شایەنی باسبێت، ئەوەی روویداوە سوارەی حەمیدی پێیهەڵساوە کە زۆریان کورد بوون و، سوارەی حەمیدیش لەشکرێکی عوسمانی رەسمی بووە، ئەمە مانای ئەوەنییە کە کورد بەوکارە هەستاوە.

ئەرمەنییەکان هەرجارەی کۆمەڵکوژ دەکران، هانایان بۆ دەوڵەتە گەورەکان دەبرد کە ئەمەش کارێکی ترسناک بوو بەنیسبەت کوردەوە. لەراستیدا ئەو کارەساتانەی بەسەر ئەرمەندا هێنرا لەمە زیاتر وفراوانترە، ئەویش ئەوەیە دەوڵەتی عوسمانی بووبووە دەستکەلایەک بەدەست وڵاتە ئەوروپییەکانەوە بەتایبەتی ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا، کە هانی عوسمانییەکانیان دەدا بۆ لێدانی ئەرمەن، بۆ مەبەستی لاوازکردنی، لەترسی ئەوەی نەک بزووتنەوەی ئەرمەن سەرکەوێ و مەرجەکانیان بسەپێنن بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا. واتە؛ دەوڵەتە ئەوروپییەکان گەورەترین پیلانیان داڕشتبوو بۆ قەلاچۆکردنی ئەرمەن و هەروەها کوردیش. کەوابوو تاوانکردنی کورد بەوکارەساتانەی بەسەر ئەرمەنییەکاندا هێنرا دوورە لەراستییەوە، چونکە هیچ لەبەرژەوەندیی کورد نەبووە کە ئەرمەن لاوازبکرێت و لەنێوببرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە کورد یاریدەی ئەرمەنی داوە بۆ رزگاربوون و، داڵدەیان داون و لەکوشتن و بڕین رزگاریان کردوون، بەڵگەش بۆ ئەمە پاس مۆرکردنی پەیمانی رێکەوتنی مودرس لەزۆر ناوچەی کوردستاندا زۆر لەئەرمەنییەکان پەنابەر بوون لەکوردستاندا و، لەمەش زیاتر کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) لەنوسراوێکدا جەختی ئەوە دەکات، جگە لەمەش کاتێک نوێنەری کورد و ئەرمەن (نوێنەری کورد "شەریف پاشا" نوێنەری ئەرمەن "بۆغوص پاش") کاتی بەستنی کۆنگرەی پاریس ١٩١٩ بە یەکگەیشتن، ئەم راستییە کەوتەروو و ئاشکرابوو کە کورد هیچ دەستێکی نەبووە لەجینۆسایدی ئەرمەندا، بەمە کورد و ئەرمەن دڵیان لەیەکتر پاکبووەوە بە رشتنی فرمێسکی شەریف پاشا و بۆغوص پاشا.

# رژێمی خوێن و شکەنجە و سێدارە و تیرۆر و تۆقاندن، پێینایە

# (٣١)ەمین ساڵی دامەزرانییەوە!

**نووسینی: سیروان کاوسی**
**ئۆسلۆ: ١٤/٣/٢٠٠٩**

چینی مەلاکانی سەر بە ئاینزای شیعەی ئێران بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵلا خومەینی، هەرلە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ وەوە، بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی پێشکەوتنخواز و دیمۆکراتەوە، توانییان بەرە بەرە نارەزایەتی و خۆپێشاندانی جەماوەریی گەلانی ئێران سەرپەرشتی بکەن و، بیانخەنە خزمەتی گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیانەوە. لە گەڵ پەرەسەندنی ئاستی مانگرتن و خۆپێشاندانەکان، ئایەتوڵلا خومەینی لە گوندی "نۆفل لۆشاتۆ" ی پاریسەوە، بەناردنی پەیامی یەک لەدوایەک و، بە دانی گفت و بەڵێنی درۆ بە گەلان و چین و توێژەکانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و نەتەوەیی ئێران، رێبەریی ئەو راپەرینە بێوێنە و مێژووییەی خستە ژێردەستی خۆیەوە، کە لەمانگی رێبەندانی ساڵی ١٩٧٩دا، بە یەکجارەکیی کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتیی هێنا و، تەخت و کۆشکوتەلار و بناخەی رژێمی حەمەرەزاشای دیکتاتۆر و دژ بە کوردی لەبەریەکهەڵوەشاندەوە و، رژێمێکی کۆماریی، بە بیروباوەڕی بنچینەگەرێتیی ئیسلامییەوە لەجێی دامەزراند.

مەبەست و هیوای نەتەوەکانی بندەستی ئێران بە تێکرا ئەوە بوو بەرووخانی رژێمی پاشایەتیی، ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی کۆتایی پێدەهێنرێ و، باری ئابووری و بژێویی چینەکانی کەمدەرامەت باشتر دەکرێ و، دیکتاتۆریی، جێی خۆیدەدات بە ئازادیی رادەربڕین و دیمۆکراسیی. بەڵام هەر لەیەکەم رۆژەکانی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئایەتوڵلا خومەینی و پێرەوانییەوە، یاسا و داوونەریتی کۆنی هەزاران ساڵ پێش داڕێژرانەوە و، لەماوەیەکی کورتدا، هەموو وادە و بەڵێنەکان خرانە پشتگوێ و، بەبیانووی مەترسیی "ضد انقلاب" و رێگرتن لە دەستێوەردانی بێگانە و سیخوریی دوژمنانی ئیسلام، دەستکرا بە دژایەتیکردنی داخوازییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی، کە لەلایەن رۆشنبیران و ئازادیخوازان و حیزب و پارتە



سیاسییەکانەوە ئاراستەی رژێم دەکران.

پاش دارشتنی یاسای بنچینەیی وڵات و، دەستبەکارکردنی دەوڵەتی پەسندکراوی ئایەتوڵلا خومەینی، لەرێگەی میدیای رژێمەوە، گەلانی ئێران و، کۆمەڵی نێونەتەوەیی، ئاگاداری نیەرۆکی روانگە و ئایدۆلۆژی و، بیرۆکەی دامەزرانی ئیمپراتۆریی شیعە بوون لە نێوچەکە و، کاربەدەستانی رژێم بە دروشمی **"لاشرقی و لاغربی، جمهوری اسلامی" و "صدور انقلاب"** و پرۆژەی پێکهێنانی **"سوپای بیست ملیۆنی"** ستراتیژی سیاسیی خۆیانیان ئاشکراکرد.

لەپێوەندیی لەگەڵ رۆژهەڵاتی کوردستاندا، دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لە یەکەم رۆژەکانی دەسەڵاتدارێتییانەوە بەرێگەی نوێنەرەکانی خومەینی و سیخوڕ و بەکرێگیراوانیانەوە، دەستیانکرد بەسازکردنی ناکۆکی و تێکدانی بارودۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، چۆنکە پاش رووخانی رژێمی حەمەرەزاشا، بەشێکی گەورەی رۆژهەڵاتی کوردستان، وەک پارێزگەی ورمێ و سنە و بەشێک لە پارێزگەی کرماشان، دەسەڵاتی حکوومەتی تارانی بەسەرەوە نەمابوو و، لەلایەن نووسینگەی کەسایەتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردەوە دەچوون بەڕێوە. ئەو نیوە و نیوەچڵە ئازادییەی کە کوردی رۆژهەڵات

بەدەستیهێنابوو، نەیدەویست لەدەستیبدات و، پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، ئامانج و داخوازییەکانی خۆی بەرێگەی نوێنەرانییەوە بەگوێی کاربەدەستانی ئێران گەیاندبوو. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی کە بارودۆخی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستانیان بە لەمپەر و مەترسیی بۆ سەر ئامانج وبیروباوەڕی داگیرکارییان دەزانی، بەبیانووی شەڕ لە پاوە و هەورامان، پلانی داگیرکردنەوەی کوردستانیان دارشت و، ئایەتوڵلا خومەینیی کە بەپێی یاسای هەلقولاوی بیری ئایەتوڵلاکانەوە، ببوو بە **"وەلی فەقیە"**ی موسلمانانی شیعەی جیهان و، نوێنەری خودا و **"ئیمامی زەمان"** لەسەر رووی زەوین، لەمانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٧٩دا فتوای جیهادی لەدژی نەتەوەی بندەست و بێدەسەلاتی کورد دەرکرد و، سەدان هەزار بەکرێگیراو و موسلمانی حیزبوڵلایی کنفلەبەری رژاندە کوردستانەوە.

لەو سات و رۆژانەوە تاکو ئەمرۆ، رژێمی داگیرکەری ئێران، بەدەیان هەزار مرۆڤی بێتاوانی کوردی بەشێوازی جۆراوجۆرەوە لەنێوبردووە. سەروەت و سامانی سەرزەوی و کانزا و ئاسەواری مێژوویی کوردستانی بەتاڵان بردووە. هیچ مافێکی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریی بەکورد رەوا نەبینیوە و، ئازادیخوازان و رۆژنامەنووس و مافناسان و چالاکڤانانی بوارەکانی کۆمەڵایەتیی، بەبیانووی جۆربەجۆرەوە



دیمەنێک لە پرۆژەی سازکردنی سوپای بیست ملوێنیی!

لەسێدارە داوە، یان بەرەو شکەنجەخانەکان بەرێیکردوون. بەکورتی، دەستدرێژیی بۆ سەر مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی، لەماوەی سیسالّی رابوردوودا، وەک سیاسەتێکی نەگۆڕ، لەلایەن رژێمی داگیرکەری ئێرانەوە بەرێوە چووە.

لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیەدا کە رژێمی داگیرکەری ئێران لەماوەی سیسالّی رابوردوودا لەدژی نەتەوەی کورد پێرەوی کردووە، حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلات تێرادیوی و چاوەروانیی ئەوەیان لێدەکرا، کە بە پشتیوانیی گەلەکەیان و، بە پێشینە و ئەزموونێکی چروپر لە خەبات و تێکۆشینی حیزبی و سیاسییەوە کە لەماوەی سیسالّی رابوردوودا بەدەستیانهێناوە، پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش لەسەر بنچینەی بیروباوەرێکی زانستانەی نەتەوەیی دابرێژن و، چالاکیی چەکداری و نارەزایەتیی جەماوەریی سەرپەرشتی بکەن و، پێکەوە نوێنەرێتیی کێشەی کورد بکەن لە دەرەوەی وڵات و، بە خستنەرووی تاوانەکانی رژێمی ئێران، ئەو رژێمەیان لە ئاستی جیهان شەرمەزار بکردایە و، سەرنجی دنیای ئازادیان بۆلای کێشەی رەوای کورد رابکێشایە. بەڵام بەداخەوە، نەتەنیا لەم بوارانەدا هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرتووە، بەڵکو ساڵ لەگەڵ ساڵ، خەباتی سیاسی و بەربەرەکانێی چەکداریی پاشەکشەی کردووە و، تووشی شکست هاتووە. چوارچێوەی ژیانی رێکخراوەیی حیزبەکان لەبەریەک هەلوەشاوەتەوە و، بەرەورووی دابران و ناکۆکی و ئاژاوەی نێوخۆیی و دەستەودەستەگەرێتیی نێوخۆیی بوونەتەوە. لەلایەنی سیاسیشەوە، بێ ستراتیژ و داهێنان و

لێکدانەوەیەکی بابەتانەن، ئەوەش لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، لەلایەنی دەرەکی و نێوخۆییەوە، ئاکامی خەباتی سیساڵی ڕابوردووی بردووەتە ژێرپرسیارەوە و، لەڕەوتی خۆیدا، بەوێنەی مامەڵەکردنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ کێشەی ڕزگاریی نیشتمانیی کورد لە باشوور، زیانی گەورە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان لەڕۆژهەڵات دەگەیەنێت.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، **پتر** لە بیست ساڵە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات، لە باشووری عێراق نیشتەجێن و، هێندێکشیان کە لەماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییدا لەباشوور پێکهاتوون، هەرهەموویان، بەهۆی وابەستەبوونی داراییان بە یەکێتیی و پارتییەوە، دەستی (پارتی و یەکێتیی) یان لەوەدا ئاوەڵا کردووە کە بتوانن، لەسەر ویست و داخوازیی ڕژێمی ئێران، پێش بە چالاکیی سیاسی و پێشمەرگانەیان بگرن لە ڕۆژهەڵاتدا. پێوەندیی سیاسی و بازرگانی و بەرژەوەندیی زۆروزەوەندی دارایی سەرکردەیەتیی ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارەی باشوور لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرەسەستێنێ و، ئەوەش کاریگەریی زیاتر لەسەر خراپبوونی پێوەندیی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێم دادەنێت. بێگومان گەر بێتوو ئەم ڕەوتە بەم شێوەیە بڕواتە بەرەوە، ڕژێمی ئێران هەوڵدەدات یەکێتی و پارتی ڕازیبکات چەکوچۆڵ لەحیزبەکانی ڕۆژهەڵات دابماڵن و، یارمەتیی داراییان لێببڕن و، لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر دووریان بخەنەوە، یان ڕەنگە بیرێکی وابکەنەوە لە دۆڵێک، یان لە ئۆردووگایەکدا کۆیان بکەنەوە. سەرکردەیەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، وەک لە ڕابوردوودا پێشانیانداوە، ئامانج و ستراتیژیان پاراستنی دەسەڵات وبەرژەوەندیی حیزبییە و، هەرکات ناروڕۆخێکی هەستیار بەرەورووپان بووبێتەوە، سڵیان لە هەڵەی سیاسی و لادانی ئاشکرا لە ستراتیژ و پرنسیپی نەتەوەیی نەکردووەتەوە. شەڕەکانی نێوخۆیی ڕابوردوو، بێدەنگیی یەکساڵەیان بەرامبەر بۆمبابارانەکانی سوپای تورکیا و ئێران بۆ لێدانی پ‌ک‌ک و پژاک لە قەندیل و گوندەکانی سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، یەکنەخستنەوەی دەزگەکانی حکوومەتی هەرێم و **"ڕێککەوتنی ستراتژیک!!"** ی نێوانیان بۆ دابەشکردنی هەردوو

ئیدارەی سلێمانی و هەولێر لەنێوخۆیاندا، چەند نموونەیەکن بۆ خستنەڕووی ئەم ڕاستینەیە. سەردانەکەی مەنووچێر موتوکی - وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ هەولێر و سلێمانیی لەڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٢، سەرەتای گەڕێکی سیاسیی نوێیە بۆ ڕازیکردنی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم، کە یارمەتیی حیزبەکوردییەکانی ڕۆژهەڵات کەم بکاتەوە و، هەروەها هاوکاریی بکەن بۆ نەهێڵانی پ‌ک‌ک و پژاک لە سەر سنووری حکوومەتی هەرێم. لەبەر ئەوە، پێویستە سەرکردەیەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بەتەواوەتیی ئاگاداری ڕەوتی پێوەندی و ئەنجامی کۆبوونەوەکان و بڕیارەکانی نێوان داگیرکەرانی کوردستان بن لەگەڵ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم.

لەئاڵیی نێونەتەوەییەوە، پرسی ئێران ئەوڕۆکە لەنێو ڕۆژەوی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی گەورەدایە. پاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام حسێن، ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەهۆی سیاسەتی ئاژاوەگێڕیی ئێرانەوە پێیناوەتە دۆخێکی گرنگ و هەستیارەوە. بەردەوامبوونی ئەم پشێوییە لەنێوچەکە، بێگومان بەسوودی ئێران و دەوڵەتەکانی دیکتاتۆری نێوچەکە و ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی دەستپەروەردەیان تەواو دەبێ و، زیانی گەورە و بنەڕەتیشی بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەدواوە دەبێت.. دەوڵەتی ئەمریکا، لە عێراق و لە ئەفغانستان بەرەورووی کێشەی گەورە بووەتەوە. هاوکات ئیسرائیلیش لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان و ڕێکخراوی حەماس دا لەکێشەی بەردەوامدایە و، هێندێک جاریش ناکۆکیی نێوانیان دەگاتە ئاستی شەڕولێکدانی گەورە و خوێناویی. لەکاتی هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرکۆماریی ئەمریکادا، پرسی ئێران و عێراق و فەلەستین و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتیی، بابەتێکی گرینگ بوون لە پڕۆپاگەندەی نوێنەری هەردوو حیزبی کۆماریخواز و، دیمۆکرات و، پاش سەرکەوتنی دیمۆکراتەکان و، دەستبەکاربوونی ئۆباما وەک سەرکۆماری نوێی ئەمریکا، داوای دیدار و وتووێژی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕژێمی ئێرانی کرد. ئەمەش هێندەی دیکە کارگێڕانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تووشی بەرزەفڕی و لەخۆباییبوون کردووە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئێران هەروا بەردەوام بێت لەسەر دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاڤا، تەمەنی ئەم بەرزەفڕینەی ئێران زۆر کورت دەبێ. ئێران دوو ڕێگەی

لەبەردەمدایە، وازهێنان لە پرۆژەی چەکی ئەتۆمی و دەستهەڵگرتن لە یارمەتیی دارایی و پشتیوانیی ڕێکخراوەکانی تیرۆریستیی لەنێوچەکە – بەمەرجی مانەوەی ڕژێمەکەی و هێرشنەکردن بۆ سەری لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، یان ئەوەی کە بەردەوام بێت لە ملهوڕیکردن و ڕێگەی شەڕ هەڵبژێریت، کەئەنجامەکەی بێگومان دەبێتە هۆی ڕووخان و لەنێوچوونی.

بەکورتی، ئەو ستراتیژە نوێیەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ نێوچەکە دایانڕشتووە، بە سەرکۆماریتیی جۆرج بوش دەستپێیکرد و، لەسەردەمی سەرکۆماریی ئۆباما دەگاتە ئەنجام و کۆتایی خۆی. ئەورۆکە سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمیی ئێران و، پشتیوانیکردنی ئاشکرای ئەم ڕژێمە لە تیرۆریزم، هاودەنگی و لەیەکگەیشتنی تەواو هەیە لەنێوان ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانی ڕۆژاڤادا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین. ئەنجامی کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران و، ملنەدانی ئێران بە داوای کۆمەڵی نێودەوڵەتیی، دەستیان ئاوەڵا دەکات لە دەستنیشانکردنی بڕیارێکی جیهانیی لەدژی. لەبەر ئەوە ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی، بۆ ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، ساڵێکی گرنگ و چارەنووسساز دەبێت.

لەم پێوەندییەدا، ئۆپۆزیسیۆنی ڕەنگاوڕەنگی ئێرانیی، بە هەموو لایەنەکانی ناکۆک و دژبەرەوە، لێکدانەوەی بابەتانیان سەبارەت بە کێشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵی نێونەتەوەیی هەیە و، لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیانەوە دەستیانداوەتە پرۆپاگەندەکردن بۆ ڕێکخراوە و بەرە و سەرکردەکانی خۆیان و، هەموویان بەشەوڕۆژێک بوونەتە دیمۆکرات و ئازادیخواز و، بەتەمان پاش ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامیی، دەسەڵاتی سیاسیی بگرنە دەستی خۆیان. هێندێکیشیان وەکو بەرەی لایەنگران و پاشماوەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ڕووخاوی پاشایەتیی، توانیویانە وەک عەرەبەکانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی عێراق، بەدانی پەیمانی بێبناخە و گفتوبەڵێنی درۆ، یەک – دوو حیزبی کوردیش بخەنە ڕیزی بەرەکەیانەوە. سەرەڕای بوونی ناکۆکیی لەنێوان لایەنەکانی ئێرانیدا، هەرهەموویان بەچەپ و سوورەچەپ و ڕاست و ئاینی و بەنێو دیمۆکراتیانەوە لەسەر بابەتی پاراستنی دەسەڵات و هێژمۆنی نەتەوەی فارس و یەکێتیی خاکی ئێران – ئەوەی کە خۆیان نێویانناوە **"تمامیت ارضی ایران"**، کۆک وتەبا و هاودەنگن و، گوێقوڵاخی ئەوەن بزانن لەکوێ، دەنگی کوردێکی ئازادیخواز و سەربەخۆییخواز دەبیستن، بەرپەرچی بدەنەوە و، بانگێشتی نوێنەری ئەوحیزبە کوردییانە بکەن کە **"شانازیی گەورەیان، ئێرانی بوونیانە"**، داوایان لێدەکەن بەئاشکرا بانگی ئێرانیبوون بەگوێی نەتەوەی کورددا بدەن و، بیری ڕزگاریی لەمێشکی کورد ببەنەدەرەوە و، بەو شێوەیە، لەرێگەی کورد خۆیەوە، بەوتەی خۆیان، مەترسیی بیری **"تجزیەطلبی!!"** لەسەر ئێرانەکەیان نەهێڵن. لەم پێوەندییەدا، لەماوەی سیساڵی ڕابوردوو، ئەو لایەنەی کە لە هەموو لایەنێکی دی زیاتر خەبات و تێکۆشینی هەبووە و، بەرەورووی سوپای دڕندە و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووەتەوە، کورد و حیزبە سیاسییەکانی بوون. ئەوەی لەهەموو لایەنێک زیاتر قوربانیداوە و، تووشی ماڵوێرانی و شاڵاوی گرتن و دەستدرێژی و، شکەنجە و گوڵلەبارانکردن بووەتەوە و، وڵاتەکەی تاڵانکراوە، کوردەکە بووە، ئەوەش کە وا پتر لەهەموو لایەنێک بێ ستراتیژ و بێ پلانێکی ڕۆشنی سیاسییە و، سەرلێشێواوە، دیسان هەر کوردەکەیە.

**لەکۆتاییدا، لێکدانەوەی بابەتانەی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و نێوچەکە و دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەیەکی زانستانە و ژیرانە بۆی، بە تیرۆری کەسێتی و شەرەچەقۆ و پاوانخوازی و دەستەودەستەگەریتیی و بیری حیزبایەتییەوە ئەنجامنادرێ، بەڵکو بەهۆشیاری و زانای و دڵسۆزی و بیری ڕزگاری و نەتەوەییەوە دەکرێت. ناکۆکی و دژایەتیی نێوخۆ کارێکی وایکردووە ئەم ڕژێمە نگریس و خوێنڕێژەی کە لەگەڵ هیچ یاسا و پرنسیپێکی مرۆڤی سەردەمدا یەکناگرێتەوە، درێژە بە دەسەڵاتی، داگیرکاری و نامرۆڤانەی بدات. پێویستە سەرکردەیەتیی حیزبەکان، لە(٣١) ساڵەی دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا، بەهەڵە و کەموکورتی و چەوتییەکانی خۆیاندا بچنەوە و، لەسەر بناخەی بیروباوەڕی نەتەوەیی، لەگەڵ یەکدیی کۆببوونەوە و، بەبەشداریی هەموو حیزب و ڕێکخراوەی ڕامیاری و ناڕامیاریی کوردستانیی، بەرەیەک پێکبێنن، بەدرۆشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد، زەوینە خۆشبکەن بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی گشتیی، بەچاودێری و سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیمۆکراتی جیهان.**

**کوردستان لەسەر دووڕیانی "مان" و "نەمان" دایە و، تەنیا کورد خۆی دەتوانێت، خۆی و خاکەکەی لە فەوتان بپارێزێ، ئەوەش بە یەکێتی و تەبایی و داڕشتنی بەرنامەیەکی نەتەوەیی دەکرێت.**

# چەند سەرنجێک لەسەر کۆنفرانسی ناوەندی هەڵەبجە- چاک!



جیهاد موحەمەد حەمەکەریم

ناوەندی هەڵەبجە، کەماوەی حەوت ساڵە دامەزراوە، من وەک ئەندامێکی ئەم ڕێکخراوە لە یەکەم کۆنگرەی زیندووی شاری کۆلنی ولاتی ئەڵمانیا و دووهەم کۆنفرانسی شاری سیلەی هەر ئەو ولاتەدا بە خۆشحاڵییەوە بەشداریم کرد.

کۆنفرانسی ئەم جارەی ئەم ناوەندە هێژایە، دوای تێپەربوونی ماوەیەکی زۆر بە سەر ئەوکێشە نەخوازراوەداهات کە بە داخەوە ئەگەر لە پێدانی ڕاستیەکان نەترسین، ئەم ناوەندەی لاواز کرد و زۆر جار لە جیاتی کار و چالاکی ئەندامانی ئەم ناوەندەی سەرقاڵکردوە بەم کێشە ی نەگریسەوە.

خۆشبەختانەو بە هەوڵ و تێکۆشینی زۆربەی زۆری هاوڕێیانی ئەم ناوەندە و بە تایبەتی بە هەوڵی  کۆمیتەی ئەڵمانیا و کۆمیتەکانی ئەوروپا و بەشداری کۆمیتەکانی تری ناوەند لە کوردستان، ئامریکا، ئوستراليا، کەنەدا، کە هەموویان بەراپۆرت و راسپاردە بەشدارییان کردبوو، توانرا کۆنفرانسێک لە رۆژانی ٣ و ٤ی مانگی یەکی ٢٠٠٩دا سازبکرێت. لەم کۆنفرانسەدا وێرای هەموو کەموکورییەکان و هەموو خەوشە رێکخراوەییەکان، لە دووره‌دەستی کۆمەڵێک لە هاوڕێیان، دارایيەکی لاواز، سەرقاڵیی ئەندامان بە کارو ژیانی تایبەتی خۆیان و خێزانیانەوە، ساردو سەرمای ئەم زستانە سەختەی ئەم ساڵی ئەوروپا کەسەفەرکردن تیایدا زۆر زەحمەتە، دیسان سەرقاڵی دۆستانی ئەم ناوەندە  بە ژیانی تایبەتی خۆیانەوە کەرێگربوو لە بەشداریکردنیان، یان دوودڵی ودڵیەشانی دۆستەکانمان لەسەر کێشەکان، یان ئەو هاوڕێیانەی کە دوورکەوتوونەتەوە هەر بە هۆی کێشەکانەوە، لەگەڵ ئامانەشدا بە بەراورد و بە هەڵسەنگاندنێکی ڕێژەیی، کۆنفرانس سەرکەوتنی بەدەستهێنا. دیارە ئامانجی کۆنفرانس لە کاتی خۆیدا و لە ڕاگەیاندنێکدا، چەند هەفتە پێش ئێستا بڵاوکرایەوە، بۆیە پێویست بە دووبارەبوونەوی ناکات.

ئەوەی لام مەبەستە، سەرنجەکانم لەسەر ڕەوشی ئەم کۆنفرانسە بێلایەنانە بخەمە ڕوو، هەرچەندە ئەندامی ئەم ناوەندەم.

ڕووی گەشی ئەم کۆنفرانسە لەوەدا بوو، کە زۆر شایستە و بە شێوازێکی زۆر هونەری ئەو هۆڵەی کە پێمان بەخشرابوو لە لایەن سەنتەرێکی ئەڵمانیەوە! ڕێکخرابوو بە وێنە تراژیدییەکانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی بریندار و وێنەی سمبولی جینۆسایدی گەلی کورد و کیمیابارن (عومەری خاوەر و کۆرپەکەی) و کۆمەڵێک دروشم، کە هەموویان دەربڕی ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە بوون. گەورەیی ناوەندی هەڵەبجە و کاریگەرییەکانی و چالاکییەکانی ئەم ناوەندە لەوەدا دەرکەوت، کە کاتێک ئەو هاوڕێیەی کە چوو بۆ دابینکردنی ئەم هۆڵە، هەر کە زانرا بۆ ناوەندی هەڵەبجەیە و ئەم ناوەندەیان پێناسێنرا، بڕیاریاندا کە ئەم هۆڵە بە بێ بەرامبەر، بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ واتە لە ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی کۆنفرانسەوە ببەخشن بەم کۆنفرانسە. ئەمەش جێگەی سوپاس و پێزانینی ناوەندی هەڵەبجەی لێکەوتەوە بۆ ئەم سەنتەرە بیانییە بە گەلی کورد، لە لایەکی تر بووە هاندانی زیاتری هاوڕێیان و سووربوونیان لەسەر

کارکردن لە پێناوی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەم ناوەندەدا. هەر لێرەشەوە بووە گلەیی و رەخنەگرتنێکی زۆری ئەندامان بەرامبەر بە دەسەلاتی کوردیی، کە نەک تا ئێستا هاوکاری ئەم ناوەندەیان نەکردوە بەڵکو زۆر جار رێگریش بوون بۆ کار و چالاکییەکانی و پرۆژەکانی ئەم ناوەندە، کە دەبێتە پرۆژەی خزمەتکردن بە کەسوکاری کیمیاباران، پشتگوێیانخستوەو جێبەجێی ناکەن.

لە لایەکی تر رووی گەشی ئەم کۆنفرانسە لەوەدا بوو، کە کۆمەڵێک میوانی زۆر بەرێز و دڵسۆز بۆ ئەم ناوەندە و بۆ پرسی جینۆسایدی گەلی کورد و بۆ مافی مرۆڤ، ئامادەی ئەم کۆنفرانسە بوون، بە تایبەتی هونەرمەندی گەورەی گەلی کورد دکتۆر شڤانپەروەر، کە بە وتە جوانەکانی و بە هاندانی بۆ ئەم ناوەندە گەرموگوڕی خستەوە دڵ و دەروونی ئەندامان و دۆستانی، بڕیاریشیدا کە پشتیوانێکی بەردەوام بێت، دەستبەجێ پێشنیازی یەکێک لە هاوڕێیانی ئەم کۆنفرانسەی قبوڵکرد بۆ کارێکی هونەری کە بیخاتە خزمەتی ئەم ناوەندەوە.

ئەوەی کە خاڵی وەرچەرخان و جیاوازییەکی تەواو بوو لە نێوان ئەم کۆنفرانسە و کۆنگرەی یەکەمی ئەم ناوەندەدا، ئەوە بوو کە لەم کۆنفرانسەدا لە جیاتی خاڵ بە خاڵ بە پەیرەووپرۆگرامدا بچێتەوە، ئەو بڕیارە بوو کە لە پێشدا دەبێت بۆ ماوەی ١ دەمژمێر و ٣٠ خولەک نامەی کۆمیتە دورەدەستەکان بخوێنرێتەوە و دواتر پرۆژە پێشکێشکراوەکان یەکە یەکە بخرێتە بەردەم کۆنفرانس، بەو تەکنیکەی کە هەموو پرۆژەو پەیرەو وپرۆگرام لە فایلی تایبەتیدا بە چاپکراوی دانرابوو لەبەردەم ئەنداماندا. فایلی تایبەتیش بە پرۆژەکان، راپۆرتی کۆمیتەکان، رۆژەڤێی کۆنفرانس، وەلامی پیشوەخت لەسەر پرۆژەی سیاسەتی گشتی ناوەندی چاک لە لایەن کۆمەڵێک ئەندامانەوە و خوێندنەوەیەکیش لەسەر وەلامەکان، لەبەردەم دیواندا ئامادەکرابوو.

بۆ هەر پرۆژەیەک کاتی تایبەتی دانرابوو بۆ گفتوگۆکردن لە سەریان و هەڵسانگاندنی و بەراوردکردنی لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم ناوەندەدا. لا لەیەکی تر بڕیاری ئەوە وەرگیرا لە دوای دیاریکردنی هێڵە گشتیەکانی کارو چالاکی ئەم ناوەندە و سنوورکێشانی چوارچێوەی سیاسەتی گشتی ئەم ناوەندە، کۆمیتەیەک چ لە نێو ناوەندی چاک دا، یان لە دەرەوەی ناوەندی چاک، یان بە هاوبەشی بۆ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دابمەزرێت، تا گۆڕانکاری دروستبکەن لە پەیرەوو پرۆگرامدا بە پێی بڕیارە وەرگیراوەکانی کۆنفرانس، تا پارادۆکسی دروستنەبێت لە نێوان بڕیارەکان و پەیرەوو پرۆگرامدا. ئەم تەکنیکی بەرێوەبردنە کاتێکی زۆری فەراهەمکرد لەبەردەم کۆنفرانسدا بۆ گفتوگۆکردن. ئەم خاڵە زۆر مۆدێرنانە خۆی نواند و کۆنفرانسی دوورخستەوە لە کێشمەکێشی گۆڕینی پەیرەو و پرۆگرام و رێنووس و بەکارهێنانی زاراوە و دارشتنی سەرپێیی کە لە کۆنگرەی یەکەمدا بە تەواویی ئەم کێشەیە بە کۆنگرەوە دیار بوو، کە بە پەلەپروزێ بڕیارەکان وەردەگیرا و کۆبوونەوەکان فریای هەموو تەوەرەکان نەدەکەوتن و قسە لەسەر هەموو دارشتن و نووسینی پەرەگرافەکان دەکرا، دارشتنەوەی هەر مادەیەک کاتێکی زۆری دەخایاند و بەفیرۆ دەچوو.

کارێکی زۆر بەجێ و بڕیارێکی زۆر ورد و کاریگەر، لەسەر چارەنووسی ئەم ناوەندە و دیاریکردنی کار و چالاکییەکانی ئەو بڕیارە بوو!، کە لە پاش دیباتێکی چڕوپڕ، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە ئەم ناوەندە کارو چالاکیەکانی خۆی تەنها لە بواری جینۆساید بە گشتی و بە تایبەتی جینۆسایدی گەلی کورددا چڕبکاتەوە و هەوڵبدات خۆی بپارێزێت لە کار و چالاکییەک کە دوورە لە ئامانجەکانی ئەم رێکخراوەوە.

لە وەرگرتنی ئەم بڕیارەدا باسی ئەو رەخنانەکرا کە زۆر جار دەوترێت فلان گروپ یان رێکخراو چالاکترن و دیارترن!!، هۆی ئەمە ئەو خوێندنەوەی بۆ کرا، کە ئەوە لە جیاوازیی ستایلی کارکردنەوە هاتووە، هەندێک لەو رێکخراوانە ئەو ستایلی کارکردنەیان هەڵبژاردووە، کە لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێن و خۆیان پێ فریادرەسە بۆ هەموو پرسەکان و سنووری کاری خۆیان نازانن و دەچنە پەرێزی کاری زۆر رێکخراو و کۆمەڵەوە، تەنانەت هەندێک جار وەک میدیاکان و رۆژنامەنوسەکان و سایتەکان دەردەکەون، زۆر جاریش لە بری حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن کاردەکە ن و قسەدەکەن، بەیاننامە دەردەکەن، وتە دەدەن، هەندێک جاریش وەک خاوەنبڕیار بڕیاردەردەکەن.. هەر ئەمەشە کە وای کردووە زۆرێک لەو حیزبانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانن! بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان، پشتیوانیی ئەو گروپانە دەکەن و دەیانکەن بە پێگەی سیاسی و کۆمەلایەتیی خۆیان.

زۆر جاریش بە ئاشکرا دیارە، ئەو کەسانە دەبنە ئەندام لەو گروپ و رێکخراوانەدا، کە تەنها ئەنتی دەسەلاتن، یان ئەنتین بۆ ئەم حیزب و بۆ ئەو حیزب، واتە ئامانجەکانی ئەو رێکخراو و گروپانە نەیکردوون بە ئەندام! ئەوەی لە رۆژەڤی ئەو

ئەندامانەدایە دووره له ڕۆژەڤ و ئامانجی ڕێکخراوەکە!!. زۆر جار دبینرێت لەم جۆره ڕێکخراوانەدا تێکەڵاوییەک دروستدەبێت لەهەموو کەسەکان، دڵسۆز و بەوەفاکان بۆ خزمەتێکی گشتی بە چارەنووسی گەلێک و کەسانێکیش بۆ ڕۆژەڤی حیزبێکی دیاریکراو خۆیان دەخزێنێنە ناو ڕێکخراوەکەوە، چۆنکە ڕێکخراوەکە لەسەر درووستکردنی جەماوەر و حەشامات و خەڵک خڕهەڵدان درووستبوە!. بۆیە لە کۆنفرانسدا ئەوە بۆ جارێکی تر پات کرایەوە کە هەتا لە تواناادا هەبێت ئەم ڕێکخراوە بپارێزرێت لە بێسەروبنی کارکردن و شێوانشێوی (فەوزا) ئەو جۆره ستایلی کارکردنەی کە ڕێکخراوەکە دەکات بە باڵۆنێکی گەوەره و هیچی تر.

جەخت لەسەر ستایلی کارکردنێک کرایەوە کە ڕێکخراوەکە بپارێزت لەهاتوهاوارو قەرەباڵغی ناو سایتەکان بە وتەدان و بەیاندەرکردنێک کە تەنها وەک مەرکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوەوە وناچێتە بواری پراکتیکیەوە، دەبێت ناوەندی هەڵەبجە کە دژ بە جینۆساید کاردەکات، هەیبەت و کەسایەتیی ڕێکخراوەیی خۆی بەوە بپارێزێت، قسەیەک نەکات کە بۆی جێبەجی نەکرێت، لە جیاتی هەڕەشەکردن لەم حیزب و ئەو حیزب، لە جێی خۆیدا ڕەخنە بگرێت، گوشار دروستبکات، پشتیوانی خۆی بۆ داخوازییە ڕەواکانی خەڵک ڕابگەیەنێت، زۆر بە توندی دژی پەنادان و دەربازکردنی هەموو ئەوانە بوەستێتەوە کە دەستیان هەبووە لە تاوانی ئەنفال و کیمیاباران و بە گشتی جینۆسایدی گەلی کورددا، ئەگەر پەنادەران و داڵدەدەران گەورەترین هێزی ئەم جیهانە بوون. بوێرانە پێدابگرێت لەسەر بە دادگەیی گەیاندنی تاوانبارە سەرۆک جاشەکان، کە حیزبە سیاسییەکانی کورد و بە تایبەتی یەکێتی و پارتی داڵدەیان داون و دەیانپارێزن، پرۆژەی خزمەتگوزاری پێشکەش بکات بە خەڵکی کوردستان، ڕاستەوخۆ یان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخروەکانی تردا، یان لەگەڵ فیدراسوێنی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستاند کە چاک ئەندامە تیایدا، یان لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمەوە داوابکات و پێدابگرێت بۆ جێبەجێکردنیان. لە هەمان کاتدا دەستخۆشی و پشتیوانیش بۆ کارە چاکەکان بکات. بوێربێت بەرامبەر بە دەسەڵات و سیناروێی نابەجێش دروستنەکات، دوای سیناڕۆی سیاسی حیزبە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان نەکەوێت، تا بتوانێت خۆی بپارێزێت لە ئەجەندای سیاسی حیزبیەوە و لەسەر ئەجەندای مەدەنیانەی خۆی کاربکات. هەمیشە چاودێر بێت بەسەر دەسەڵاتەوە و وردبینانە وزیرەکانە مامەڵەیەک بکات لەگەڵ دەسەڵاتدا کە هەمیشە دەسەڵات سڵ بکاتەوە لەم چاودێریکردنە و حسابی بۆ بکات، هۆشمەندی بدات بەدەسەڵات لەخراپی ئەدای کارکردنیان لەسەر پرسی ئەنفال و جینۆساید، حکومەت فێری ئەوە بکات و لەسەر ئەوە ڕاییهێنێت کە دەستوەرنەداتە ئەو پرسانەی کە پرس و کاری کەرتی سێهەمن لە کۆمەڵگادا و دەبێت ریکخراوە مەدەنیەکان جێبەجێی بکەن نەک حکومەت، وەک کۆنفرانس و کۆنگرەکانی پەیوەندیدار بەجینۆسایدەوە، بەڵام دەبێت حکومەت پشتیوانی دارایی خۆی بکات و لە ڕێگەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالیشەوە بەشداری ڕاستەوخۆ بکات تیایاندا. دیسان ناوەندی چاک لەگەڵ فیدراسوێنی ڕێکخراوە مەدەنیەکاندا، حکومەت و کەرتی پۆلیس و ئاسایش ڕابهێنن و فێریان بکەن بە چ ئە دایەک مافی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکان ژێرپێنەخەن و بە شێوازێکی مۆدێرنانە پارێزگاریان بکەن لە شێوانادن و پێکدا هەڵپرژان،، تەنانەت هەوڵبدرێت خولی ڕاهێزانی تایبەتی بکرێتەوە بۆ فێربوونی پۆلیس و ئاسایش لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕێپێوان وخۆپیشاندەران و کەمپینەکانی واژوکۆکردنەوە و میتینگە جەماوەریەکان، خەرجی ئەم کارانەش دەبێت وەزارەتی کۆمەگەلی مەدەنی کوردستان لە ئەستۆی بگرێت. کاتێکیش کە زانرا حکومەت و پۆلیس و ئاسیش ئەمەی پێقبوڵ نیە و ملهوڕی دەکات! دەبێت نەک هەر ڕەخنەبگرێت، بەڵکو فشارێکی وای لەسەر دروستبکرێت کە داوای لێبوردن بکات لە ملهورێتیەکانی، ئەو فشارانەش هەتابکرێت دەبێت فشاری یاسای و سکاڵا تۆمارکردنبێت لە لای دادگا و دادوەری بەشی مەدەنی. هەر لەم سۆنگەیەوە ناوەندی چاک، فیدراسوێنی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستان زۆر بە گرنگ تەماشا دەکات بۆ یەک دەنگی هەموو ئەم ڕێکخراوە مەدەنیانە کە کار بکەن لەسەر هێلێکی گشتی بۆ بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردی، لە کاتی سکاڵا تۆمارکردن لەسەر پۆلیس و ئاسایش بە تەنها ڕێکخراوێک ناکرێت، پێویستە هەموو ڕیکخراوەکان پێکەوە ئەم کارە بکەن ، تەنانەت هەموو کەرتی سێهەم کەکەرتی مەدنیەتی کۆمەڵگەیە پێویستە پشتیوانی خۆیان ڕابگەیەنن بۆ کارێکی لەو جۆرە. ناوەندی چاک دەبێت خۆی نە ئاڵێنێت لەو دردۆنگی و ناهەمواریيە سیاسیەی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا بەناوی ڕەخنەو و ئۆپزسوێنەوە، یان بە ناوی چاکسازیەوە، دروستبوە و هێشتا سەروبەری ئەجنداکەی دیار نیە و تەمومژاویە و سیاسەتێکی ڕۆشنیان نیە. ناوەندی چاک بۆ خۆی لۆبیەکی گوشار و ڕێفۆرمخواز و ڕەخنەگر و

چاودێره، بۆیه دەبێت له ڕەوشێکی ئاوها نادیاردا به ئاگاییەوه کاربکات و خۆی بپارێزێت له گێژاوی سیاسیانەوه.

خاڵێکی تری سەرنجڕاکێشی ئەم کۆنفرانسە، ڕاشکاوی و بوێری و ڕەخنەگرتن بوو لەسەر کێشەکان و کارو چالاکی ئەم ڕێکخراوه، هەر ئەمەش بوه هۆی دەوڵەمەندبوونی ئەم ڕێکخراوه له ڕووی به ئەندامبوونی کۆمەڵێک ئەندامی نوێوه و هەروەها هاتنه پێشەوەی کۆمەڵێک گەنج و هەڵبژاردنیان بۆ سەرپەرشتیاری ئەم ناوەنده، که ئەوانەی زۆر ماندووبوون تیایدا بەوپەڕی هەستکردن به گۆڕانکاری پیویست و هاتنه پیشەوەی دەنگ و ڕەنگی نوێوه جێگەیان چۆڵکرد بۆ ئەو ئەندامه بەڕێزانه.

له لایەکی تر به پێچەوانەی کۆنگرەی یەکەمی ناوەندی چاک وە، که کێشەی ئەوەی بۆ هاته پێش که ناکرێت چەند میوانێک قبوڵبکرێت لەکۆبوونەوەکانیدا، که ئەندامنین! کەچی لەم کۆنفرانسەدا کۆمەڵێک میوانی ئازیز و خۆشەویست بەو پەڕی ئازادیەوه نەک هەر بەشداریان کرد بەڵکو زۆر به جددی کەوتنه دیالۆگ و گەنگەشەکردن لەسەر تەوەرەکان ، لەدواجاریشدا کۆمەڵێک لەوبەڕێزانه بەوپەڕی پەرۆشەوه داوای بەئەندامبوونی خۆیان کرد له ناوەندداوکۆنفرانسیش قبوڵی کردن. قبوڵکردنی هەندێک له میوانەکان له کۆبوونەوەکاندا له سەر ئەو بنچینەیە بوو که ناوەندی چاک، هەمیشه ئەوه پات دەکاتەوه که ئەم ناوەنده، ناوەندی هەموو کەسێکی دڵسۆزه بۆ بەدواچونی پرسه گرنگەکانی ئەنفال و کیمیاباران و به گشتی جینۆسایدی گەلی کورد.

بۆ یەکەمجار له ناوەندی چاکدا، میوانێکی پڕ لەئەزمون و چالاک لەبواری سیاسی حیزبێکی چەپی ئەوروپیدا، پشودرێژ له خەبات و هەوڵ و کۆششدا بۆ مافی گەلی کورد و مافی مرۆڤ، که دەتوانم بڵێم هەموو ژیانی تەنها کاری سیاسی بووه، ئەم میوانه خۆشەویسته کاک (ئیبراهیم کاکه حەمه) بەو پشووه درێژەوه هاتبوو بۆ کۆنفرانس که دروستبوونی ناوەندی چاک و کۆششەکانی ئەوەنده بەرزدەنرخاند، پێیوابوو که باشترین خەبات بۆ ئەمڕۆی گەلی کورد گەیشتن به ئامانجەکانی ئەم ناوەندەیە، ئەم بەڕێزه بوو به ئەندامێکی دیوانی کۆنفرانس بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی کۆنفرانس. من بۆ خۆم تەنها له کۆمەڵەی کۆمەکدا ئەو شێوازه مۆدێرنەم بینیوه، که ساڵانه کۆبونەوه گشتیەکان کەسانێک دەیبەن بەڕێوه که ئەندامی کۆمەڵەکه نین.

وا ناوەندی هەڵەبجەش توانی بۆ یەکەمجار ئەو هەنگاوه هەڵنێت، هیوام وایه له کۆنگرەشدا چەند دۆستێکی ناوەندی چاک بانگهێشبکرێن بۆ ئەندامبونیان لەدیوانی کۆنگرەداوبەڕێوەبردنی کۆبونەوەکانی. له ناو میوانەکاندا چەند میوانێکی تری خۆشەویست هەبوون که بدرێژایی کۆنفرانس له ئەندامان زیاتر خزمەتی کۆنفرانسیان کرد، لەوانه مامۆستا نیاز، کەخانمێکی چالاکی بواری ژنان و مافی مرۆڤە، ڕۆژ ئەحمەد، کچێکی گەنجی ڕۆشنبیر و خویندەوار، شەمام خانی بەڕێز که به مەنجەڵی گەوره کفتەی بۆ هەموو ئەندامان دروستکردبوو بۆ یەکەم ئێوارەی گەیشتنی ئەندامان، میوانەکان به تەواوی قەرزارباریان کردین و هانیاندان و دەستخۆشیان لێکردین و خواردنی خۆش و به تامیان بۆ ئامادەکردین، تا ئەندامان زیاتر کاتیان هەبێت و بتوانن هەموو کاتەکان بۆ کۆبوەنوەکان تەرخانبکەن، که کاتی ژەمی نانخواردن دەهات، ئەندامان هەر ئەوەندەیان لەسەر بوو که بچن نان بخۆن و بگەڕێنەوه هۆڵی کۆبوونەوه، ئیتر هەموو ئامادەکاریەک میوانه بەڕێزەکان گرتبویانه ئەستۆی خۆیان. خاتو بەهار شێخ محەمەد بەرزنجی و کاک عەزیز سۆڵەیی که زۆربەی ئەرکی خزمەتی کۆنفرانسی گرتبوه ئەستۆی خۆی، ئەمانه ئەو ئەندامانه بوون که مانەوه لەگەڵماندا بۆ هاوبەشیکردن له کۆبونەوەکاندا. من لای خۆمەوه وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم ناوەنده یەک دنیا سوپاس و پێزانینم هەیه بۆ سەرجەم میوانه بەڕێزەکان، پەرۆشی میوانەکان و دڵسۆزیان بوه هاندانێکی زۆر گەوره بۆ بێوچانی کارو چالاکی وماندونەناسی سەرجەم ئەندامانی کۆنفرانس، گەورەیی و خۆشەویستی ئەم ناوەنده به تەواوی به ڕووی گەشی سەرجەم میوانەکانەوه دیاربوو. خۆشەویستی و پەرۆشی بەشی یەکەمی میوانه بەڕێزەکان که دوای چەند دەمژمێرک و دوای نانخواردنێکی هاکەزایی بەجێیانهێشتین، لەوەدا دەرکەوەت، جگه له پێشکێشکردنی وتاری جوان و هاندان و دەسخۆشی و پێشاندانی ڕووی جوانی ناوەندی چاک، ئەوه بوو که به یەکدەنگیی ئەو داوایەیان پێشکێشکردین که لەگەل بەشی دووهەمی چاک دا (چاک بێ) یەکبگرینەوه، دیاره به ئەدایەکی زۆر جوان یەکێک له ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر وەڵامی پۆزەتیڤانەی دانەوه و سەرپشککران لەهەر میکانزمێک که ئەوان به گونجاوی بزانن بۆ ئەو کاره.

سەرکەوتنێکی تری ئەم کۆنفرانسە، لەو بڕیارەدا دەردەکەوێت کە دای لەسەر پێکهێنانی کۆمیتەیەک، بۆ بە دواچوونی مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد. لێکۆڵینەوە لەسەر سەرەتای دەستپێکردنی جینۆسایدی گەلی کورد و دیاریکردنی مێژووکەی، لە چ دەمێکەوە هەستکراوە بەجینۆسایدی ئەم گەلەومێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟، جینۆسایدی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا کامانەبوون؟، لەسەر چ پێوەر و بنچینەیەک ئەو تاوانانە دەچنە خانەی جینۆسایدەوە؟، بە چ میتۆدێک کار بکرێت بۆ ئەوەی کەکەڵک لەپەیماننامەکانی دژ بە پاکاتاوکردن ی نەتەوەی و مەزهەبی وەربگیرێت؟، لەکاتێکدا کەگەلی کورد توشی هەردوو جینۆسایدەکە بوە، وەک ئێزیدیەکان کە بە تەکفیرکردنیان جینۆاسایدکراون، یان وەک کوردەکانی ڕۆژئاوا بە ناوی نەبوونی پێناسەوە هەوڵی جینۆساید کردنیان دراوە، یان وەک کوردە فەیلیەکان بە ناوی تەبعیەت و ناهاوڵاتی بوونیان دەربەدەرکران و ماڵ و سامانیان داگیرکراوە. ئەم کۆمیتەیە وا بڕیارە لە هەندێک لە ئەندامانی ناوەندی چاک و دەرەوەی ناوەندی چاک درووستبکرێت، بە تایبەتی ئەو ئەکادیمیست و خاوەن بڕوانامانەی کەخەمخۆرن بۆ ئەم پرسە گرنگە. دەکرێت ئەم کۆمیتەیە بۆ خۆی بە سەربەخۆیی کاربکات و ناوەندی چاک دەستوەرنەداتە کارەکانی، ئەشێت ئەم کۆمیتەیە بکرێت بە نەواتێک بۆ سەنتەرێکی گەورەی لێتوێژینەوە و بە دواچوون لەسەر پرسی جینۆسایدی گەلی کورد، یان بە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و ئازاد، جیا لەناوەندی چاک. پەیوەندی ئەم کۆمیتەیە بە ناوەندی چاکەوە تەنها پەیوەندیەکی هاوکاری دەبێت لەکاروپێدانی ئامۆژگاری و زانیاریەکاندا بە یەکتری وهاوکاریکردنی یەکتری بۆ پرسی جینۆسایدی گەلی کورد.

ئەوەی لای من غەوش خە وش و کەموکوڕی بوو لەم کۆنفرانسەدا!. لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لەڕاسپاردەکانی کۆمیتەکان، بەتایبەتی کۆمیتەی کوردستان، ئەوەبوو کە کۆنفرانس بڕیاری ئەوە بدات ، ئەم ناوەندە زیاتر کار لەسەر کاری مافی مرۆڤ بکات، لەسەر ئەو بناغەیەی کە هەموو پرسە گرنگەکانی مافی گەلی کورد لە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤەوە هاتوە لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەگەر مافی مرۆڤ لەو وڵاتانەی کەکوردی بەسەردا دابەشکراوە بپارێزرێت و لێپرسینەوەی هەبێت لەئۆرگانە گەورەکان و ڕێکخراوە جیهانیەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ، گەلی کورد لە هەموو نەتەوەیەکی تر زیاتر کەڵکی لیوەردەگرێت و دەبێت بە ڕێچکەیەکی ئاسان بۆ گەیشتن بە هەموو مافە مەدەنیەکان وتەنانەت مافە سیاسیەکانی ئەم گەلە. بە داخێکی گەورەوە، لە لایەک لەبەر نەبوونی کات بۆ گەنگەشەکردن و لێکۆڵینەوە لەم تەوەرە گرنگە، و لە لایەکی ترەوە ڕازی نەبوونی کۆمەڵێک لە هاوڕێیان! نەتوانرا ئەم بڕایارە گرنگە وەربگیرێت، کە لای من وەرنەگرتنی ئەم بڕیارە یەکێک بوو لە ڕووی خراپی ئەم کۆنفرانسە، هیوادارم لە کۆنگرەدا لەسەرئەم بابەتە بە تێروتەسەلی قسەبکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت.

لە لایەکی تریشەوە کاڵوکرچی لە تێگەیشتنی چەمکی دیمۆکراسی و ئازادیی، جار جار ڕەنگیدەدایەوە لەکۆنفرانسدا، بە تایبەتی لە لای هەندێک هاوڕێ کە کارکردنیان لە ڕێکخراوەکەدا لەسەر سۆزە، نەک لەسەر شارەزابوون لە هەموو بوارەکانی مافی مرۆڤ و جینۆساید بە گشتی و سنوورەکانی ئازادی و قبولکردنی دیمۆکراسی بەو شێوازەی کە زەرەر بە بەرامبەرەکەی نەگەیەنێت و توشی دوودڵی نەکات. من بۆ خۆم ئەوەی کە ئەزموونم هەیە لە کاری ڕێکخراویی سیاسی و مەدەنیدا، گەورەترین غەوشی هەموو ڕێکخراوەکان ئەوەیە کە ئەندامان بە سۆز کاردەکەن و شارەزاییەکی ئەوتۆیان نیە لە کاری ڕێکخراوییدا، تەنانەت کاتێک کە ڕەخنە دەگرێت هەر بۆ ئەوە ڕەخنە دەگرێت کە وای پێشانبدات کە ڕەخنەگرە و دەتوانێت قسە بکات!، کاتێکیش کە وەڵامی دەدیتەوە و بۆی ڕووندەکەیتەوە کە ئەو بابەتە وا نیە! دەڵێت ئەی دیموکراتیەت یەعنی چی!!!. یان کاتێک کە دەوترێت شارەزەیی و ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی زۆر گرنگە، کەسی بەرامبەر! بە تێگەیشتنێکی خراپ لە دیموکراتیەت و ئازادی ئەم قسەیە بە نادیموکراتی وبەرتەسکبوونەوەی ئازادی دبینێت، وای پیشاندەدات کە ئەزموندارەکان خۆیان دەسەپێنن!!. دیارە یەکێک لە خەسڵەتەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەیکی نەخوێندەوار، نەریتی، سونەتی، نەبوونی ئەزموون لەمەدەنیەتێکی بەربڵاوناسەقامگیری لەبوارەکانی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و یاسییدا، ئەوەیە، کە بە مفرۆیی(سەقەت) لە هەردوو چەمکی دیمۆکراتی و ئازادی گەیشتووە. ئەو قسەیەی پلیخانۆف زۆر ڕاستە کە وتوویەتی: "ئەوە هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە کە ڕێکخراوەکان دروووستدەکات". کەواتە هەتا کۆمەڵگە هەڵکشاوبێت لەبواری شارستانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئاستی بەرزی خوێندەواریدا هەتا ژێرخانی ئابووری سەقامگیربێت، ڕەوشی سیاسی ڕوونوئاشکرابێت، فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی بەرزبێت ڕێکخراوەکان چ سیاسی، یان کۆمەڵایەتیی، ئاستی هۆشیارییان بەرزدەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. من لام وایە ئەمە لە هەموو ڕێکخراوەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و کاریگەریی دەبێت لەسەر بونیاد (سترۆکتور)ی ڕێکخراوەکە بەتایبەتیی لە کاتێکدا کە بکەوێتە دەست ئەو جۆرە کەسانە، کە هیوام وایە ئەمە لە ناوەندی هەڵبجەدا دووبارە نەبێتەوە.

# دیمانەی ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"
# ژماره (٧٩٥)



## لەگەڵ
## سیروان کاوسی،
## ئەندامی سەرکردەیەتیی
## کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

**سازدانی :**
**جەبار عەزیز،**
**ڕۆژنامەنووس لە (ئاڵای ئازادی)**

**١- بەتێڕوانینی ئێوە بەو سیاسەتەی کورد لەعێراقدا دەیکات، دەتوانێت ئەو مافە خوراوانەی بەدەست بهێنیتەوە کەبەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق لێی زەوتکراوە؟**

**و:** ئەگەر مەبەستی ئێوە لە سیاسەتی کورد، سیاسەتی دوو حیزبی سەرەکیی کوردستان (پارتی و یەکێتی) یە، دەبێ بەڕاشکاوییەوە بڵێم، مافی خوراوی کورد نەتەنیا ناگێڕدرێتەوە بۆی، بەڵکو لەگەڵ سەقامگیربوونەوەی چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و دامەزراندنەوەی سوپا و داودەزگەکانی سەرکوتکەری دەوڵەتی عێراقی نوێ، ئەو ماف و دەسەڵاتە نیوەچڵەش کە ماوە، بەرە بەرە لە کورد و لە پارتی و یەکێتیی دەستێننەوە.

کورد نەتەوەیەکی بندەستە و خاکەکەی داگیر و دابەشکراوە، کە وابوو خەباتی نەتەوەی کورد، لە پێناو ڕزگارکردنی نیشتمانەکەیەتی و، سەندنەوەی مافی خوراوی کورد، تەنیا و تەنیا بە ڕزگارکردنی خاکەکەی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دێتەدی. لەبەر ئەوە بیرکردنەوە و بۆچوونێکی هەڵە و نابابەتانە دەبێت ئەگەر ئێمە وا تێبگەین کورد دەتوانێ مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی لە چوارچێوەی جوگرافیای ڕژێمەکانی داگیرکەردا دەستەبەر بکات. گەلێک مخابن، لە پاش شۆڕشە ڕزگاریخوازانەکەی شێخ مەحموودی نەمر و ڕووخانی مەملەکەتی سەربەخۆی کوردستان بەسەرۆکایەتیی شای کوردستان (شێخی نەمر)، بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان، تاکو ئەمڕۆ بە بیرۆکەی سەرلێشێوێن و لاوەکییەوە سەرقاڵکراوە و، لە هێڵ و ڕێبازی ڕاستینە و نەتەوەیی دوور کەوتووەتەوە.

**٢- بە پێی لێدوانی بەرپرسانی کورد ئێستا لەعێراقدا هەوڵێک لەئارادایە، بۆگۆڕینی کێشەکان بۆکێشەی بەینی عەرەب و کورد، بەتێڕوانینی ئێوە لەئەساسدا ئەمەخودی کێشەکە نییە؟ لەکاتێکدا زۆریک لەلایەنە عیراقیەکان لەسەر دژایەتیکردنی خواستەکانی کورد دەیانەویت هاوسۆزی شەقامی عەرەبی عێراقی بۆخۆیان کێش بکەن ؟**

**و:** هەروەک لە وەرامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم کردپێ، خەباتی نەتەوەی کورد لە بنەڕەتدا بۆ ڕزگارکردنی خاکەکەی و، پچڕانی زنجیری کۆیلەتی و، گەیشتن بە ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. کە وابوو، ناکۆکیی سەرەکیی لە کوردستان، لەنێوان نەتەوەی کورد و داگیرکەرانیدایە و ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی ڕژێمەکانی داگیرکەر و، بەهێنانەگۆڕی دروشمی تێکدەرانە و نازانستانەی وەک "دێمۆکراسی و فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی و، هاووڵاتیی پلەیەک و ... هتد" لەگەڵ نەتەوەکانی باندەستی کورد، نایەتەدی. هەر کوردێک خۆی بە ئازادیخواز بزانێ و، لە نێوەرۆک و مانای وشەی "نەتەوە" و "نەتەوەیی" تێبگات، ئەم خاڵە

وەک پرنسیپ و خاڵی بنگەهینی بیری پیرۆزی رزگاریی کوردستان تەماشا دەکا و، لادان لێی بە "هێڵی سوور" و بە خیانەت و تاوان دەزانێت.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، بیری رەگەزپەرستیی عەرەبیی، بە رۆژێک و مانگێک و ساڵێک دروستنەبووە، بەڵکو مێژوویەکی کۆنی هەزار و چوارسەت ساڵەی لە پشتە و، لەپرۆسەیەکی مێژوویدا ئەو بیرە چەوتە لە مێشکیدا چەسپیوە کە خۆی بە نەتەوەیەکی پاکژو پیرۆز بداتە قەڵەم و، نەتەوەکانی دیکە - بەتایبەتیی کورد بە کەمتر لەخۆی بزانێت. ئەوجا سازکردنی عێراقی دەستکرد لەلایەن بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩٢٣، کە باشووری کوردستانی بە زۆرداری و بەزەبری بۆمباوبارووت خستەژێر چەپۆکی عەرەبی دەسەڵاتدارەوە، بیری رەگەزپەرستیی عەرەبیی لە عێراق، شانبەشانی پەیدابوونی بیری ناسیۆنالیستیی تورکی و فارسیی لە لایەن ئەتاترک و رەزاشاوە، هێندەی دیکە لەنێو نەتەوەکانی ترک و فارس و عەرەبدا ریشەی داکوتا و، هێندەی دیکە هەبوون و ناسنامەی نەتەوەییی کورد بەرەورووی دوژمنکاری و مەترسیی گەورەتر بووەوە و، رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، لەوە بەدواوە بەدارشتنی پلانی هاوبەش و بە گەلەکۆمە، کەوتنە هەوڵی تواندنەوەی رەگەزیی کورد لەسەر خاکی باوباپیرانی. لەبەر ئەوە، کورد، پاش رووخانی رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسی عێراق، هەڵەیەکی گەورە و کوشندەی کرد، کە شوێن درۆشمی چەوت و وادە و بەڵێنی نانەتەوەییانەی سەرکردەکانی کەوت و، بەدەستی خۆی، چارەنووسی سیاسیی خۆی گرێدایەوە بە جوگرافیای عێراقی داگیرکەرەوە و، باشووری کوردستانی لکاندەوە بە عێراقی عەرەبەوە. ئەو عێراقەی کە بەپێی یاسا و بیری کۆمەڵگەی عەرەبیی، بە بەشێک لە خاک و نیشتمانی عەرەب دەدرێتە قەڵەم. پاش هەشتا ساڵ خەبات و ماڵوێرانی و دەستدرێژی و لەسێدارەدان و قوربانیدانی بێیەژمار، هاتینەوە سەر "سفر" و، ئەزموونمان لەو هەموو کارەسات وتاڵی وخوێنرشتنە بەکۆمەڵانە وەرنەگرت، کە عەرەب هێنای بە سەرماندا و، ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەییمان هێندە لاوازە، کە ئێستاش نازانین ئەم کێشەیە، کێشەی نێوان لایەنەکانی سیاسیی عێراقییە، یان کێشەی نێوان کورد و عەرەب؟؟!!".

ئەو بەرێزانەی بەنێوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان وەکو وەزیر و ئەندام پەرلەمان لە بەغدان، ئێستا ئەوانیش وەخەبەر هاتوون و، هەموو رۆژێک گلەیی لە عەرەبەکانی شەریکەدەسەڵاتیان دەکەن و، دەڵێن: "نیازیان باش نییە بەرامبەرمان و، بەتەمان لە دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم کەم بکەنەوە!!".

ئەو سیاسەتەی کە سەددام و رژێمەکەی دوێنێ بەرامبەر کورد پێڕەویان دەکرد، لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی دەوڵەتی نوێی عێراق کە جەحفەری و ئێستێ مالکی و مەشهەدانی و ... هتد، بەرامبەر کورد دەیبەن بەرێوە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ یەک نییە و، هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی نێو کۆمەڵگەی عەرەبە لەعێراق. شەقامی عەرەبی عێراق - سوننەکەی لە دەرفەت دەگەڕێت، بارودۆخێکی وەک رابوردووی بۆ هەڵبکەوێ و، تۆڵەی ئەم چەند ساڵە بە چەشنێک لە کورد بکاتەوە، کە سەددام نەیکردبێت. شەقامی عەرەبی شیعەش - بیر لە دامەزراندنی حکوومەتێکی شیعەی وەک ئێرانی دۆست و برا و هاوپەیمانیان دەکەنەوە، کە عێراق ببێتە دووەم حکوومەتی ئیسلامیی - شیعە لەنێوچەکە. لەو پێناوەدا، لایەنەکانی شیعەی بەشداری نێو حکوومەت، تاکو ئەمڕۆ باشترین سوودیان لە پێوەندییان لەگەڵ سەرکردەکانی کورد و هێزی پێشمەرگە و، بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، وەرگرتووە. بەدڵنیاییەوە پاش ئەوەی بەتەواوەتیی دەسەڵاتیش کەوتە دەستیان، بە بریارێکی پەرلەمان پاشەکشە بە لەشکری ئەمریکا دەکەن لە عێراق، ئەوجا وەک چۆن ئایەتوڵڵا خومەینیی، بەنێوی ئیسلامەوە، فتوای جیهادی لەدژی نەتەوەی بندەستی کورد لە رۆژهەڵات دەرکرد و، سەدان هەزار بەکرێگیراوی رژاندە کوردستانەوە، هەر بەو شێوەیەش، قوتابییەکانی ئایەتوڵڵا سیستانی، باشووری کوردستان داگیردەکەنەوە. لەبەر ئەوە، پێویستە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێم، لە خەونی خۆشی کۆشکنشینی و مەلەکردن لەنێو شەپۆلی پارە و پووڵی خەڵکی رەشوورووتی کوردەوارییی، راچڵەکێن و، تا ئەم چەند رۆژ و مانگە بەدەستەوە ماوە، کۆبوونەوەیەک بە هاوبەشیی لەگەڵ هەموو کەسانی زانا و نیشتمانپەروەر و، شارەزا لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و کاری دەوڵەتداری و یاسازانی کورد ئەنجام بدەن و، بیرێکی بنەڕەتیی بۆ ئەم دۆخە پرمەترسی و هەستیارە بکەنەوە کە بەدەستی خۆیان بۆ کوردیان سازکردووە.

**٣- کەرکوک بووتە گرێکوێرەیەک کەکردنەوەی بەو ئاسانیە نەبێت، هەندێک لایەن بەبەرمیلە باروتی دەچوێنن، چارەسەری ئەم پرسە لەگەڵ ئەو عەقلیەتەی عەرەبی عێراقی سیاسەتی پێدەکەن زۆر قورسە، هەروەها گازندەیەکی زۆر لەسیاسەتی هێزە کوردیەکانیش هەیە لەو شارەدا، بەتێڕوانینی ئێوە لەم بارودۆخەدا دەگەڕێتەوە سەر کوردستان؟**

و: ئەم ئالۆزی و گرێکوێرەی کە ئەوڕۆکە سەبارەت بە کەرکووک هەیە، لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە سەریهەڵدا. لەکاتی لەشکرکێشیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ خستنی رژێمی سەددام، پاش ئەوەی رژێمی تورکیا ئامادەنەبوو هاوکاریی سوپای ئەمریکا بکات بۆ رووخانی سەددام و، ئەمریکای ناچار کرد لە کورد نێزیک ببێتەوە و، دەیان هەزار پێشمەرگەی کورد، شانبەشانی سوپای هاوپەیمانان، لە رووخانی رژێمی داگیرکەری عێراقدا بەشدارییان کرد، زۆر بەداخەوە، سەرکردەیەتیی کورد لەو دەرفەتە زێڕینە هەڵکەوت بۆت، نەیتوانی سوود وەربگرێ و، نەیتوانی ژیرانە پلانێکی نەتەوەیی دابرێژێت بۆ رزگارکردنی کەرکووک و نێوچە رزگارکراوەکان و، لکاندنی خێرای ئەو نێوچانەوە بە سنووری ژێردەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمەوە. هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، لەکاتی هێرش بۆ سەر داوودەزگەی رژێمی بەعس لە کەرکووک، بە جیا و بە پەلە هەوڵیاندا حیزبەکەی خۆیان و رێژەی لایەنگرانی حیزبەکەی خۆیان باڵادەست بکەن. ئەوجا ئەو پشێوی وشەڕەخۆرییەی لەڕۆژانی یەکەمدا لەو شارە سەریهەڵدا، بیانوویدا بەدەست عەرەبەکان و، تورکمان و رژێمی داگیرکەری تورکەوە، کە داوا لە ئەمریکا بکەن، راستەوخۆ کۆنترۆڵی شاری کەرکووک بکا و، هێزی پێشمەرگە لە شارەکە دەربکات. لەوەوە بەشێک لەو عەرەبەهاوردانەش کە رایانکردبوو، زاتیاندایە بەرخۆیان و، گەڕانەوە بۆ کەرکووک. بۆیە لەپێش هەر شتێکدا، سەرکردەیەتیی هەر دوو حیزبە دەسەلاتدارەکە، سەبارەت بە دۆخی ئالۆزی کەرکووک و نێوچە هێشتا رزگارنەکراوەکان، دەبێ لۆمە وگازندەی خۆیان بکەن و، خۆیان بە شەرمەزاری کوردی کەرکووک و شەهیدان و، لێقەماوانی ئەو شارە بزانن.

جێگەی داخە، ئێستاش YNK و PDK ، لەباتی ئەوەی پێداچوونەوە بە هەڵەکانی چەند ساڵی رابوردووی خۆیاندا بکەنەوە و، پەلە بکەن لە قەرەبووکردنەوەی هەڵەکانی رابوردوویان و، پلانێکی ژیرانەی نەتەوەیی دابرێژن، بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە کەمەی بەدەستەوە ماوە لەدەستینەدەن و کارێکی وابکەن، ئاسەواری بەعەرەبکردن لەشارەکەدا نەهێڵن، کەچی ئێستاش هەر بە سیاسەت و بەرژەوەندیی حیزبایەتییەوە بیردەکەنەوە.

بەکورتی، گێڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان، لە پلەی یەکەمدا پێوەندیی بە یەکێتی و پارتییەوە هەیە، کە بڕیار بدەن لەمە بەدوا سیاسەتێکی هاوبەشی نەتەوەیی بگرنەبەر و، ئامانج و بەرژەوەندیی تاکەکەس و بنەماڵە و حیزبایەتیی پشتگوێ بخەن و، هێزی پێشمەرگە و توانای ئابووری و دیپلۆماسییان بخەنە خزمەتی پرۆژەی رزگارکردنی کەرکووکەوە. هەروەها پێوەندیی بە هۆشیاریی گەلی کورد و هەڵوێستدەربڕین و، بێدەنگنەبوونی جەماوەری کوردەوە هەیە، کە بە رێخستنی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی لە دەرەوە و، لەنێوخۆی وڵات، گوشار بخەنە سەر وڵاتانی دیمۆکرات و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی کێشەی کەرکووک و نێوچەکانی هێشتا رزگارنەکراون، بخرێنەوە رۆژەڤەوە و، بایەخی تەواوی پێبدەن. لەم پێناوەدا، نیشتمانپەروەرانی کورد و هەموو حیزبەکانی سەرتاسەری کوردستان لەنێوخۆ و لە ئەورووپا و ئەمریکا، دەتوانن کۆمیتەی سەرپەرشتیکردن و، کۆمیتەی رێکخستنی خۆپێشاندان و لێژنەی پێوەندیی دیپلۆماسی و میدیا پێکبهێنن و بە کردەوە پێشانی کۆمەڵی نێونەتەوەیی و دۆستانی کورد و داگیرکەرانی بدەن، کە نەتەوەی کورد سەبارەت بە کێشە چارەنووسسازەکانی یەکدەنگ و یەکهەڵوێستە.

بابەتێکی دیکە، گوتنی لێرەدا بە پێویستدەزانم ئەوەیە، بەشێک لە سیاسەتکارانی کورد – بەتایبەتیی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ، زۆرجار بە هەڵە و لەنەشارەزایی سیاسییەوە، لە میدیای کوردی و، لە لێدوانەکانیاندا نێوی ئەو کەمایەتییانەی لە کوردستان نیشتەجێن بە "نەتەوە" نێو دەبەن. ئەمەش هەروەک گوتم، لە نەشارەزایی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. چۆنکە "نەتەوە" پێوانە و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە و، هەر کۆمەڵەخەڵکێک، بەهۆی ئامانجێکی تایبەتی سیاسیی دەسەڵاتدارانەوە، یان بەهۆی کارەساتێکی سروشتی و کۆمەڵایەتیی، یان قاتوقڕی و هەژارییەوە، لە زێد و نیشتمانی خۆی هەڵدەکەندرا و، لە خاک و نیشتمانێکی دیکەدا نیشتەجێ بوو، بەو کۆمەڵ و ژمارە خەڵکە ناگوترێت "نەتەوە"، بەڵکو پێیاندەگوترێت: "دانیشتوو"، یان "دانیشتووان". نێوهێنانی هەر کۆمەڵە خەڵکێک بە "نەتەوە"، مانای ئەوەیە ئەو خاکەی لەسەری دەژیی، خۆی خاوەنیەتی. بۆ وێنە، ئەو سەدانهەزار کوردەی لە ساڵانی نێوان ١٩٢٥ هەتاکو ١٩٣٨ لەلایەن رژێمەکانی داگیرکەری تورک و لە ئەنجامی سیاسەتی تواندنەوەی رەگەزیی کورد لە

باکووری کوردستانەوە بەزۆرەملیی راگوێزران بۆ شارە تورکەکان و، لە ئەستەمۆڵ و ئەنقەرە و ئەزمیر و قونیە و ..... هتد دا نیشتەجێکران، پێیانناگوترێت: "نەتەوەی کورد لە قونیە"، یان "نەتەوەی کورد لە ئەنقەرە". چوار ملیۆن کوردی دانیشتووی ئەستەمۆڵ و دوو ملیۆن کوردی دانیشتووی تاران و، پتر لە ملوێنیک کوردی دانیشتووی خۆراسان و، دوو ملیۆن ئێرانییەک کە لە ئەمریکا دەژین و، دەیان هەزار کوردی دانیشتووی مۆسکۆ و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا و ئەمریکا و.... هتد، نەتەوە نین، بەڵکو دانیشتووی ئەو شار و وڵاتانەن. هەر بەو پێیە، تورکمان لە تورکمانستان نەتەوەیە، نەک لە کوردستان. کوردستان نیشتمانی کورد و ئاسۆری و کلدان و تورکمان و، ئەو کەمایەتییانەی دیکەیە کە خۆیان بە کوردستانی و، نیشتمانی خۆیان بە کوردستان دەزانن. لەبەر ئەوە، بەهەڵە بەکارهێنانی هەر وشەیەک، لەلایەن نووسەر و سیاسەتکاری کوردەوە، دەبێتە کێشەیەکی دیکەی چاوەڕواننەکراو بۆ داهاتوو، کە سڕینەوەی زۆر دژوار و ئەستەم دەبێت.

**٤- ئەمریکا لەزۆر پرۆژەدا دژی خواستەکانی کورد بووە ، لەپرسی مادەی ١٤٠ ئەمە بەئاشکرا دەبینرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کورد دڵسۆزترین دۆستن بۆ ئەمریکا لەعێراقدا، بەتێروانینی ئێوە ئەم سیاسەتی سۆزداریە کورد دەگەیەنێتە کوێ، لەگەڵ ئەمریکا؟**

و: بەباوەڕی من، بیرکردنەوە و شێوازی پێوەندیی سەرکردەیەتیی کورد لەگەڵ ئەمریکا، تاکو ئێستا بیرکردنەوە و شێوازێکی "عەشایەر"یانە بووە و، دوور بووە لە جۆری پێوەندی و بیرکردنەوەیەکی سیاسی و دیپلۆماسیی کە ئەوڕۆکە لە جیهاندا باوە و، پێڕەودەکرێت. لەماوەی ١٧ساڵی رابوردوودا، بەدەیان جار، کاربەدەستانی یەکێتی و پارتیی سەبارەت بە کێشە و بابەتی جیاجیا لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمریکادا کۆبوونەتەوە، بەڵام با بێن و تاکە دێریکمان پێشانبدەن کە بەرەسمیی لە گەڵ ئەمریکادا مۆریان کردبێت. بەلای ئەمریکاوە، سەرکۆمارەکان و، دەوڵەتەکان و هاوپەیمانەکان دەگۆڕدرێن، ئەوەی کە نەگۆڕە و هەمیشەییە، ستراتیژی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی ئابوورییە. ئەم شێوازە لە پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماسیی، لە هەموو وڵاتانی دنیادا هەر بەم شێوەیە. ساڵی ٢٠٠٣، فەرەنسا و، ئەڵمانیا دژی لێدانی عێراق بوون لە لایەن ئەمریکاوە و، تا رادەیەکی زۆریش ساردی و گرژیی کەوتە نێوانیانەوە، بەڵام، ئێستە سەبارەت بە ئێران و، ئاڵۆگۆڕەکانی نێوچەکە، کەوتوونەتە بەرەیەکەوە و، هاوپەیمانی یەکن.

ئەوڕۆکە دەوڵەتی ئەمریکا بۆ راگرتنی بەرژەوەندیی درێژخایەنی خۆی لە عێراق، پێوەندیی راستەوخۆی بە حکوومەت ودەوڵەتی عێراقەوە دەبەستێ، کە عەرەبەکان بە شیعە و سوننەوە تێیدا باڵادەستن و، لایەنی کوردیش بەشێکە لەو پێکهاتەیە کە نێوی حکوومەت و دەولەتی نوێی عێراقە. ئەمریکا، پەیماننامەی سەربازی و بازرگانی و ... هتد، لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندا مۆردەکات. سەردەمی "هەرێمی دژە فڕین" و "کوردستانی ئازاد" تێپەڕ بوو، ئێستا قۆناخێکی تازە لە پێوەندیی نێوان عێراق و کۆمەڵی نێودەوڵەتیی هاتووەتە کایەوە. چەند ساڵ لەمەوبەر، ئەمریکا لە بارودۆخێکدا بوو کە لە بایەخ و گرنگیی رۆڵی کورد تێدەگەیشت و، دەبوو کوردیش نرخی خۆی بزانێ و، مەرجەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بەراشکاوییەوە لەگەڵ ئەمریکادابهێنێتە گۆڕێ و بەرەسمی لەگەڵی رێکبکەوێت. ئەو رۆژانە بەسەرچوون، ئێستا ئەوە عەرەبەکانن کە ئەمریکا پێویستی پێیانە و، مەرجی بۆ دادەنێن. بێگومان ئەمریکاش ناچارە لەزۆر رووەوە هاودەنگیی خۆی پێشانبدات لەگەڵیان، چونکە هەروەک گوتمان، خاڵی گرنگ بەلای ئەمریکاوە چۆنێتیی راگرتنی بەرژەوەندییەکانییەتی لە عێراق و لە نێوچەکە.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، ئەم دیاردەی زنکۆزی و زنسووتان و، تیرۆر و هەڕەشەکردن بۆ سەر نووسەران و پەرەسەندنی بیری ئیسلامی سیاسی و سەرهەڵدانەوەی بنکە و تۆڕەکانی سیخوڕیی ئێران و، بەردەوامیی دەستبەسەرداگرتنی دوو حیزبەکە بەسەر بووجە و ئابووری و پەروەردە و میدیا و... هتد، کەشەهەوایەکی نائاسایی و ئاڵۆزی پێکهێناوە و، ئاستی تێگەیشتووی و لێوەشاوەیی هەردوو حیزبەکە، سەبارەت بە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و دیمۆکراسیی، لەلای ئەمریکا و وڵاتانی دیمۆکرات و رێکخراوەی مافی مرۆڤی جیهانییەوە خستووەتە ژێر پرسیارەوە. رێگەچارە ئەوەیە، حکوومەتی هەرێم، شێوازێکی دیمۆکراتیانە و هاوچەرخانە بگرێتە بەر و، متمانەی گەلەکەی و دنیای ئازاد بۆ لای خۆی راکێشێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە. کاتێک دیارییکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لە شارەکان و، داوا لە وڵاتانی دنیای ئازاد و پەرلەمانی ئەورووپا بکات، بێنە کوردستان و، چاودێریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکەن. لەراپرسییەکی ئازاد و نهێنیدا پەرلەمانی نوێی کوردستان هەڵبژێردرێتەوە و، جێی ئەندام پەرلەمانەکانی ئێستا بگرنەوە کە ١٦ ساڵی رەبەقە، وەکو کوڕی مەلەک حسێن بەشێوەی سیستەمی پاشایەتیی لەسەر کورسییەکانیان دانیشتوون. پاشان، هەڵبژاردنی سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی وەزیران ئەنجامبدرێ و، پەرلەمان و حکوومەت، بەرپرسیار بن، لە

بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیان بە پێی یاسایەک کە مافی هەموو هاووڵاتییەکی کورد و کوردستانیی بە یەکسانیی بپارێزێت.. ئەم شێوازە دیمۆکراسییە پێڕەو بکرێ و، هەر چوار ساڵ جارێک سەرلەنوێ هەڵبژاردن بکرێتەوە. بەکورتی، بۆ ڕاکێشانی سەرلەنوێی سەرنج و پشتیوانیی دنیای ئازاد، پێویستە ئەو گرێ و ئاستەنگە نێوخۆییانە لابەرین کە دەبنە هۆی ناکۆکیی نێوخۆیی و دوورکەوتنەوەی گەل لە دەسەڵاتە سیاسییەکەی خۆی.

**٥- لەناوخۆیی کوردستاندا نارەزایەکی زۆر هەیە لەئەدائی حکومەت، گەندەڵی و بێسەرو بەریەکی زۆر لەئارادایە جگەلەوە پاشەکشەیەکی زۆر هەست پێدەکریت لەبەرامبە پرسی بەدیموکراسی بوون لەکوردستاندا، لەزۆربەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکاندا لەسەر پرسی مافی مرۆڤ ئازادی تاک و مافی ژنان و گەندەڵی ... هتد ..رەخنە لەحکومەتی هەرێم دەگیرێت، ئەم پرسانە چەند کاریگەریان هەیە لەسەر پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی هەرێم؟**

**و:** سەرچاوەی ئەم قەیران و دۆخە ناڵەبارەی ئێستا لە ئەنجامی سەپاندنی سیاسەتی "فیفتی بە فیفتی" یەکەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کورستانەوەیە کە ڕێیانگرت لە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی گشتیی لە باشووری کوردستان و، بە ویست و ئارەزووی خۆیان و لەپێناو بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆیاندا، باشووری کوردستانیان گرێدایەوە بە عێراقی داگیرکەرەوە و، بەنێوی "ستراتیژی هاوبەش" و "هاوپەیمانێتی دوو قوڵیی"، باشووری کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد و، تێکرای حیزب و ڕێکخراوەی ڕامیاری و ناڕامیاریی کورد و کوردستانی و، نووسەر و هونەرمەندی باشوور و بەشەکانی دیکەی کوردستانیان وابەستەی ئابووریی خۆیان کرد و، سەرچاوەی داهات و بژێویی وڵاتیان خستە ژێردەستی خۆیانەوە، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت ڕەخنە و گازندە لە سیاسەت و کردەوەیەکی ناڕاستیان بگرێت. ئەوجا مانەوەی بەردەوامی سەرۆکایەتیی هەردوو حیزبەکە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و، ڕێنەدان بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و نێوەندەکانی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی، ڕێی خۆشکرد لەبەردەم قوتبوونەوەی لەنەکاوی توێژێک سەرمایەداری گەورە لەنێو ئەندامانی سەرکردەیەتیی هەر دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە و، بنەماڵەکانیان.

ئەم نارەزایەتییەی ئەورۆکە، باشووری کوردستانی تەنیوە و، سەرکردەیەتیی هەردوو حیزبەکە خۆیانی لێ گێل دەکەن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نایانەوێ دەستبەرداری دەسەڵات و ئەو پارە و سامانە زۆر و زەوەندەبن، کە بە سایی جەنگی کەنداو و لێدانی ڕژێمی سەددام لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە دەستیانکەوتووە. ئەگەر چەند ساڵێک بەر لەئێستا، گەلی کورد لە باشووری کوردستان پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی لێدەکرا، لێ ئێستا ئەو پشتیوانییە، جێی خۆیانداوە بە ڕەخنەگرتن و گازندەی نوێنەری وڵاتانی دیمۆکرات لە کاربەدەستەکانی هەرێم. ئەمڕۆکە لە میدیای وڵاتانی دنیای ئازادەوە، زۆر بەداخەوە، باس لە دیاردەکانی دواکەوتووانەی ژنکوژی و ژنسووتان و چەندژنی و، ڕێگرتن لە ئازادیی بیروڕادەربڕین و، هەڕەشە و تیرۆرکردنی نووسەری ئازادیخواز و بوێر دەکرێت. نێوبردنی کورد، بەم شێوەیەی ئەمڕۆ لە میدیای دنیای ئازادەوە، جێی داخ و شەرمەزارییە و، بێگومان، بەردەوامیی ئەم دۆخە دواکەوتووانەیە، دەبێتە هۆی لەدەستدانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە دۆزی ڕەوای کورد. لەبەر ئەوە، پێویستە دەسەڵاتدارانی هەر دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم کردپێی، بناخەی پەرلەمان و حکوومەتێکی کوردستانیی دابڕێژن و، بۆ ئەمەش پێویستە زەوینە خۆشبکەن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیمۆکرات، کە گەلی کورد بتوانێ بە ئازادی و سەربەستیی، نوێنەرەکانی خۆی بۆ حکوومەت و پەرلەمان دەستنیشان بکات. دەسەڵاتی تاکەکەس و حیزب بەسەر حکوومەتەوە نەمێنێت. چەکوچۆڵ و تەقەمەنیی لە سەرجەم حیزبەکان و سەرکردەیەتی و ئەندامان و، خەڵکی ئاسایی دابماڵدرێ و، لەبری ئەوە لەشکری کوردستان پێکبهێنرێ کە ڕاستەوخۆ لەژێر فەرماندەیەتیی وەزارەتی بەرگریی حکوومەتی کوردستاندا بێت. پاشان ڕاپرسییەکی گشتی لە سەرتاسەری خاکی باشووری کوردستان ئەنجامبدرێ، بەچاودێریی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لە ئازایدا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات. ئەگەر سەرکردەیەتیی هەر دوو حیزبەکە بەزوویەکی زوو ئەم کارە نەکەن، ئەوا بەدەستی خۆیان، دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشوور لە گۆڕ دەنێن و، سەر لەنوێ شەڕی نێوخۆیی و هێرشی داگیرکەران و ماڵوێرانیی ڕوو لە کوردستان دەکاتەوە. جارێکی دیکە، باشووری کوردستان دەبێتەوە بە گۆڕەپانی ڕمبازێنی سوپا و سیخوڕی داگیرکەرانی خوێنڕێژ.

**٦- دیمه سەر پرسی کورد لەباکوری کوردستان: دۆزی کورد لەباکوری کوردستان زۆر باش چۆته پیش تاچەند گەشبینن بەچارەسەری پرسی کورد لەباکوور ، لەماوەی نزیکدا؟**

**و:** هەروەک هەموو لایەک ئاگادارین، لە باکووری کوردستاندا بزاڤێکی رۆشنبیری و جەماوەریی دەستپێکردووە. لەنیوخۆی شارەکانی باکووری وڵاتەکەمان و، لە قووڵایی شارەکانی تورکیا وەک ئەستەمۆڵ و ئەنقەرە و قۆنیا و ئەزمیر و... هتد، نێوەندی رۆشنبیری و زمان و کولتووری کوردی سازکراون. شانبەشانی ئەم خەباتە رۆشنبیرییە، هێزی پێشمەرگە لە بەرخۆدانێکی کەمونە و دلێرانەدایە بەرامبەر سوپای رژێمی درندەی تورک و، لەساڵی رابوردوودا، هێرشی پێشمەرگە لە باکوور و سنووری باشوری کوردستاندا سوپای تورکیای ناچارکرد، بکەوێتە دۆخی بەرگریکردن لەخۆی. لەئالی نێونەتەوەییشەوە، یەکێتیی ئەوروپا، بە بەردەوامیی داوا لە رژێمی دەکات، مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەی بپارێزێ و، مافی کولتووری و فەرهەنگیی کورد لە وڵاتەکەیدا رەچاوبکات.

بێگومان، خەباتی سیاسی و چەکداری و رێکخستنی جەماوەریی لەلایەن پی کی کی وە، لە چارەکە سەدەی رابوردوودا، رۆڵی سەرەکیی گێراوە لە بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان، لێ مخابن سەرەڕای ئەم خزمەتە زۆرەی پی کی کی لە باکوور کردوویەتیی، خاوەنی ستراتیژێکی رۆنی نەتەوەیی و سیاسیی نییە و، بەتایبەتیی لە پاش گیرانی بەرێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان تاکو ئەمرۆ، پی کی کی چەند جارێک و درۆشم و نێوی خۆی گۆری و، دروشمی ئێستاشی داوای "بەدیمۆکراتبوونی رژێمی تورکیایە". ئەمە بە باوەری من، ئاسۆی خەباتی رزگاریخوازیی کوردی لە باکوور – وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان، لێل و تاریک کردووە. چۆنکە داواکردن لە دەوڵەتی تورکیا کە ببێت بە دیمۆکرات!! ئەوە ناهێنێت شەرێکی ماڵوێرانکەری چەندین وچەند ساڵە هەڵگیرسێنێ و، بەهۆیەوە پتر لە سێ هەزار گوند وێران بکرێ و دەیان هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد شەهید و پەککەوتە وبریندار بکرێن و، سێ ملیۆن کەسێکیش لەسەر گوند و زێدی خۆیان هەڵکەندرێن و، ئاوارەی شارەکانی تورکیا بن. بەوتەی زانا و سیاسەتکارێکی شارەزا کە وا بزانم ئیسماعیل بێشکچی قسەکەی کردبێت، دەڵێت: "پی کی کی رێکخراوەیەکی گەورەیە کە داوای ئامانجی بچووک دەکات!". زیانی دیکەی ئەم بە نزم سەیرکردنەی داخوازیی کورد لەلایەن پی کی کی، وە ئەوەیە، لەئالی نێونەتەوەییشەوە، دۆزی کورد وەک کێشەیەکی نێوخۆیی نێو تورکیا دەهێڵێتەوە و، پشتیوانیی کۆمەڵی نێونەتەوەیی، لە داخوازیی پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی رۆشنبیریی بۆ کورد تێپەڕ ناکات.

**٧- (پارتی داد و گەشەپێدان) پرۆژەیی چارەسەری کێشەی کوردی هەڵگرتووە، لەم پێناوەشدا کەناڵێکی بەزوبانی کوردی کردۆتەوە، بەتێروانینی ئێوە ئەمە سیاسەتی راستەقینەیAKP یە یاخود تەنها لە پێناوی بەدەستهێنانی دەنگی کوردە لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا؟**

**و:** پێویستە ئەم راستییە وەک رۆژ هەمیشە لەبەرچاومان بێت، هیچیەک لە پارتەکانی سەربە نەتەوەکانی باندەستی کورد – بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنانەوە، بیر لە پرۆژەی چارەسەریی کێشەی کورد بەشێوازی دیمۆکراسی و ئاشتییانە ناکەنەوە. پارتی دەسەڵاتداری تورکیا – بەنێو "پارتی داد و گەشەپێدان"، هەوەک ئێوە نووسیوتانە، مەبەستی لە کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردیی، پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و فریودانی جەماوەری کوردە لە باکووری کوردستان. هاوکات، پارتی AKP لەلایەک دەیەوێت پێشانی یەکێتیی ئەورووپای بدات کە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەنگاوی هەڵگرتووە و، تەلەفزیۆنیکی بە زمانی خۆیان داناوەبۆیان. بەڵام باشدەزانین، ئەگەر تورکیا بیهەوێت واز لە سیاسەتی چەپەڵ و رەگەزپەرستانەی رابوردوی بهێنێت، دەتوانێ وەک هەنگاوی یەکەم، خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا ئازاد بکا و، لەگەڵ پی کی کی ئاگربەس رابگەیەنێ و، لەگەڵ نوێنەرانی کوردی باکوور بکەوێتە گوتوبێژەوە بۆ ئەوەی شەڕ و خوێنرشتن کوتایی پێبهێنرێت و، لاپەرێکی نوێ و مرۆڤانە لە پێوەندیی خۆی لەگەڵ کوردی دراوسێیدا بکاتەوە. بەڵام کورد گۆتەنی: "تۆبەی گورگ، مەرگە".

**٨- ئێستا هەست بەپیلانێکی نێودەوڵەتیی دەکرێت لەدژی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە هەرسێک حکومەتی(تورکیا و عێراق و ئەمریکا) پلانی لەناوبردنی PKK دارشتووە، زۆرجار باسی بەشداری هەرێم دەکرێت لەوپلانەدا ، پێت وایە جارێکی تر براکان بەخوێنی یەکتر دەستیان سوربکەن؟**

و: بەباوەڕی من، هەڵە و کەمایەسیی گەورەی پی کی کێ لەوەدایە، لەباتی ئەوەی لایەنی بیری نەتەوەیی لە خەبات و تێکۆشینی سیاسیدا زەق بکاتەوە و، لە هێڵی ئامانج و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەییەوە هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ڕووداوە سیاسیەکانی جیهان و نێوچەکە و کوردستان، کەچی لەڕوانگەی ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕی کۆمۆنیستییەوە کێشە جیهانی و نێوچەیی و ڕووداوەکانی کوردستان هەڵدەسەنگێنێت، لەپێوەندیی دەرەوەشیدا لە ئەورووپا و ئەمریکا بەتایبەتیی، لە گەڵ ئەو ڕێکخراوە توندڕەوە چەپانە هاوکاریی دەکات کە دژایەتیی وڵاتانی گەورەی پیشەسازیی دەکەن. هەر ئەم ڕوانگەیەش بوو کە پێش گیرانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و، ئەوکات کە لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، لەگەڵ ڕژێمەکانی داگیرکەری ئێران و سووریا و ڕێکخراوەی تێرۆریست و توندڕۆی وەک "حیزبوڵڵای لوبنان" بکەوێتە بەرەیەکەوە لەدژی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە و، حیزبێکی سەرەکیی باشووری کوردستانیش، بە هێزی بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بداتە قەلەم و، ڕەوایەتیی بدات بە هێرشکردن بۆ سەری. پێڕەوکردنی ئەم ڕوانگە سیاسییە لەلایەن پی کی کێ وە تاکو ئەمڕۆ، هۆکارێک بووە بۆ دژایەتیکردنی وڵاتانی دنیای ئازاد لەگەڵی و، ئەوەش لەئالی دیپلۆماسی وپێوەندیی نێونەتەوەییەوە زیانی بەکێشەی ڕزگاریخوازانەی کورد گەیاندووە.

سەبارەت بە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆیی لەنێوان پی کی کێ و، هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردستان، هیوادارم، هەردوولایان و هەموو حیزبە کوردییەکانی دیکە، وانە و ئەزموونیان لەو شەڕە خۆکوژییانەی پێشوو وەرگرتبێ و، لەمەبەدواوە نەکەونە داوی گوشار، یان دۆستایەتیی درۆزنانە و، سیاسەتی فێڵبازانەی داگیرکەرانی کوردستانەوە. دڵنیام، پارتی و یەکێتیی بەتەواوەتیی لەو ڕاستینەیە ئاگادارن، کە بەلەنێوچوونی پی کی کێ، یان بە لەنێوچوونی خەباتی هەر بەشێکی دیکەی گەلەکەمان، داگیرکەرانی کوردستان، زیاتر سەریان دەپەرژێتە پیلانگێڕان بۆ تێکدانی بارودۆخی باشووری کوردستان.

**٩- لەمیدیاکانەوە زۆر باس لەسەردانی عەبدولا گول دەکرێت بۆ هەولێر، لەوماوەیەشدا هەست بە بەرەو پێشچوونێک دەکرێت لەپەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و تورکیا، بەبڕوایی چاودێران ئەم بەرەوپێشچوونە پەیوەندی بەهاوکاری حکومەتی هەرێم هەیە بۆ دژایەتی کردنی ...... PKK.**

و: ئەورۆکە عەبدوڵڵا گول، نوێنەری ئەو سیستەمە ڕەگەزپەرستانەی تورکیایە، کە لەلایەن ئەتاتورکی خوێنخۆرەوە بناخەکەی داڕێژراوە. لەبەر ئەوە نابێ هیچ شک و گومان لەوە بکەین، کە عەبدوڵڵا گول، یان هەر کاربەدەستێکی دیکەی داگیرکەران بۆ مەبەستی دۆستێنی و نیازپاکیی نییە دێنە باشووری کوردستان. هەموو سەرۆکەکانی پێشووی ڕژێمی تورکیا و ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان لە کۆن و ئێستادا، هەوڵیانداوە و هەوڵدەدەن، چەندبەرەکی و شەڕی نێوخۆیی لەنێوان کورددا سازبکەن. ئەم پیلانگێڕییەش چەندین ئامانج و مەبەستی سیاسیی لە پشتەوە بووە و، بەداخەوە گەلێک جار داگیرکەران توانیویانە بە هاسانی و بێگرفت، کوردی پارچە جیاجیاکانی کوردستان، یان پێشمەرگەی حیزبە کوردییەکان بەردەنە گیانی یەک و، تۆوی ناکۆکی و ناهۆمێدیی لەنێو مێشک و دڵی کورددا بەرامبەر یەکدیی بچێنن. هەر ئەم ڕابوردووە تاڵەشە کە وایکردووە ئەورۆکە جەماوەری کورد بە چاوی گومانە بڕواننە ئاکامی کۆبوونەوەی نێوان سەرکردەیەتیی باشوور و ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران. لەم پێوەندەدا، بۆ ڕەوینەوەی ترس و دڵەڕاوکەی جەماوەری کورد، کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم پێویستە نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکان نەشارنەوە و لەڕێگەی میدیاوە، چۆنێتیی لیدوانی کاربەدەستانی وڵاتانی داگیرکەر و، وتە و هەڵوێست و وەرامی خۆیان بۆ گەلەکەیان ئاشکرا بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی متمانەکردنی گەلی کورد بەرامبەر سەرکردەکانی و، دڵنیادەبێ کە فریوی سیاسەتی پیلانگێڕیی داگیرکەران ناخۆن.

**١٠- دێمە سەر پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: لەناو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا پەرتبوونێکی سەیر بەدی دەکرێت، هیچ ترووسکایەک یەک بەدی ناکرێت بۆ لێک نزیک بونەوەی هێزەسیاسیەکان ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

و: ئێستا لەڕۆژهەڵاتدا هێزێک نابیندرێت، ئەوەی هەیە کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوەی ناکۆک و ناتەبا و دوژمن بەیەکن کە لە باشووری کوردستان نیشتەجێن و، ئەمانیش چاوەڕوانی قەزا و قەدەر و هەڵکەوتنی هەل و دەرفەتی مێژوویین بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پلەوپایەی سیاسی و کۆمەلایەتیی لە ئێرانی وەک عێراقی فیدراڵ!!!! هۆکاری ئەم پەرتەوازە بوونە بەبۆچوونی من، بریتییە لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

١- نەبوونی بەرنامە و ستراتیژی نەتەوەیی، کە بریتی بێت لە تێکۆشین لە پێناوی یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد و رزگارکردنی خاکی کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، لە دەستوور وپرۆگرامی حیزبییاندا نییە.

٢- بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی کە لەپاش رووخانی یەکێتیی سۆڤێتەوە لەجیهان سەریانهەڵدا و، شەپۆلەکەی هەموو جیهان و رۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت کوردستانیشی گرتەوە و، بیری نەتەوەیی و بیری ئازدیخوازیی لە دیاردە بەرچاوەکانی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانە بوون و، لە کوردستانیش گۆڕانێکی بەرچاو بەلایەنی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و بیری ئازادیخوازیی لەنێو چینی رۆشنبیر و خوێندەوار و وەچی تازەپێگەیشتووی کوردەواریدا سەریهەڵدا. کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە بەرادەیەک بوو کە حیزبەکانیشی گرتەوە و، بەشێک لەئەندامانی حیزبەکان کە خوێندنەوەیەکی زانستانە و بابەتانەیان سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی تازەی دنیا هەبوو، هۆشیارتر و چاوکراوەتر لە ئەندامانی کۆن، نەبوونی ئازادیی نێوحیزبی و نەبوونی بەرنامە و ستراتێژێکی روونی سیاسی و نەتەوەیی، لەلایەن سەرکردەیەتیی حیزبەکانیانەوە دایە بەر رەخنە و لێکۆڵینەوە و، داوای گۆڕینی درۆشمی سیاسی و گۆڕانکاریی نێوخۆی حیزبەکانیان کرد. لە ئالییەکی دیکەشەوە، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای راگەیاندن و ماسەمیدیا، وەک ئەنتەرنێت و سەتەلایتی تەلەفزیۆنی و، دروستبوونی دەیان ماڵپەر و رۆژنامەی ئەلیکترۆنیی سەربەخۆ و، هەروەها، نیشتەجێبوونی دەیان هەزار کورد لە وڵاتانی پیشەسازیی دێمۆکرات و، تێکەڵاوبوون و، تێگەیشتنیان لەشێوازی راگەیاندن و دەوڵەت و ئازادی و دێمۆکراسیی، بیری نوێخوازی و پێویستیی گۆڕانکارییان لەنیو کۆمەڵگەی کوردەواری و گۆرەپانی سیاسیی کوردستانیان پەرە پێدا. بەڵام، لەبەرامبەر ئەم گۆڕانکارییە دەرەکی و نێوخۆییانەدا، سەرکردەیەتیی حیزبەکان، بێگوێدانە گۆڕانکاری و رووداوەکانی نوێی جیهان، هەوڵیاندا دەسەڵاتی خۆیان وەک رابوردوو بپارێزن و، بە کولتووری خێڵەکی و، ئاغایەتی و بیرۆکەی "سانترالیزمی دێمۆکراتیک" ی "شێوازی "ستالین" ی جارانەوە، هێژمۆنی خۆیان بەسەر حیزبەکەیاندا رابگرن. بەڵام تەوژمی گۆڕان هەروەک چۆن لەماوەی چارەکە سەدەی رابوردوودا دەیان نەتەوەی بە سەربەخۆیی گەیاند و، چەندین حکوومەتی دیکتاتۆری ژێروژوور کرد، هەرواش تەنگی بە سەرکردەیەتیی حیزبەکان هەڵچنی و، دابڕان و "انشعاب" سەریهەڵدا و، بۆ پێشگرتن لە هەلوەشاندنەوەی حیزبەکانیان و، چەواشەکردنی ئەندام و لایەنگریان، کەوتنە درۆشم گۆڕین و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان. ئەم قەیرانە زۆربەی حیزبەکان، لەوانە حیزبێکی گەورەی وەک یەکێتیی نیشیمانیی کوردستانیشی گرتەوە. بێگومان، ئەم بای گۆڕانە هەڵیکردووە، بەوەشەوە ناوەستێ و، لەداهاتوویەکی نێزیکدا هەردوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیش دەگرێتەوە و، ئەم دوو حیزبە ناتوانن بۆ هەتاهەتایە، بە چاوسۆرکردن و بەرتیلدان و تەخشان و پەخشانی بێسەروبەر کە لە بووجەی خەڵکی رەشوورووتی کوردەواریی دەستیاندەکەوێت، درێژە بەم شێوازە حیزبایەتیکردن و دەسەڵاتدارێتییەیان بدەن. بای گۆڕان لە کوردستان دەستیپێکردووە و، لەگەڵ خۆی تۆفان دێنێ، تۆفانی نوێخوازی و بیری سەربەخۆیی کورد. هیچ هێزێکیش ناتوانی پێشی لێبگرێت.

٣- هۆکارێکی دیکەی ئەم پەرتەوازییەی حیزبەکانی رۆژهەڵات، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی تایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستان، سەبارەت بە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان، کە هەر لەپەنجاساڵی رابوردووەوە، بەشێوازی جۆراوجۆرەوە، رێکخراوەی بەشەکانی دیکەشیان لە شەڕ و ئاژاوەی نێوان خۆیانەوە گلاندووە و، رۆڵی گەورەیان لە سازکردنی دووبەرەکیی لەنێوان ئەندامانی حیزبەکان و، حیزبەکان بەرامبەر یەکدیی گێڕاوە. ئەگەرچی ئێستا یەکێتی و پارتی، بەرواڵەت هاوپەیمانی یەکدین و هاوستراتیژی یەکن، بەڵام هەر یەکەیان بە ئاشکرا و نائاشکرا، لە هەوڵی گەورەکردنەوەی قەوارەی رێکخستنی خۆی و، لاوازکردنی لایەنەکەی دیکەیە.

**١١- لەئێستادا هەست بەخەفەبون دەکرێت لەکێشەی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان، جگە لەو چالاکیانەی کە پژاک دەیکات هێزەکانی تر چالاکیەکی ئەوتۆیان نیە و لەئاستی نێودەوڵەتیش پرسی کورد لە رۆژهەلات هیچ دەنگێکی ئەوتۆی نیە، ئەم بێدەنگیە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

و: بەڵێ وایە، جگە لە "پژاک"، حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵات چالاکیی پێشمەرگانەیان نییە. بەڵام با ئێمە بیر لەوەش بکەینەوە، بەم ناکۆکی و ناتەباییەی کە ئێستێ لەنێوان حیزبەکانی رۆژهەڵاتدا هەیە، کە لە باشوور نیشتەجێن و، جارجارە بە چەک و دار و چەقۆوە پەلاماری یەکدیی دەدەن و، پرۆپاگەندەی سەیروسەمەر لەدژیی یەکدیی بڵاودەکەنەوە، ئەگەر بێتوو بەچەکەوە روو لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکەنەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەمانیش، بەسەدان و بگرە بە هەزاران رۆڵەی کورد بەدەستی یەکدیی بەکوشتن دەدەن و،

هێندەی دیکە بێزاری و ناهۆمیدیی باڵ بەسەر رۆژهەلاتی کوردستاندا دەکێشێت. لەبەر ئەوە تا ئەم ناکۆکییەیان بنبڕ نەکەن، باشتروایە نەگەڕێنەوە بۆ رۆژهەلات، چۆنکە ئەوکات لەباتی "خێر"، "شەڕ" یان دەبێت!".

هۆی بێدەنگبوونی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانێکی نەتەوەیی هاوبەش لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتدا، کە پێکەوە لە نێوەندێکی یەکگرتووی نەتەوەییدا، کۆببنەوە و، هێزی پێشمەرگە و خەباتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات یەکبخەن، بەتایبەتیی لەدەرەوە کۆمیتەیەکی دیپلۆماسی پێکبهێنن، کە بەنێوی هەموویانەوە و بەنێوی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لەگەڵ دەوڵەت و ئۆرگانەکانی سیاسی و مرۆڤیی نێونەتەوەیی کۆبوونەوە بکات. پاشان ئەو میدیا و راگەیاندنەی کە هەیانە، بیخەنە خزمەتی ئەم پرۆژە نەتەوەییەوە لە رۆژهەڵات. بەوەش رێز و متمانە و پشتیوانیی گەلەکەیان بۆلای خۆیان راکێشن. ئەوکات بێگومان، لەئاستی نێونەتەوەییشدا، گوێ لە وتە و خەبات و داخوازییەکانیان دەگیرێت.

سەبارەت بە "پژاک" یش، ئەوە راستە کە ئەوڕۆکە تاکە هێزی چالاکی چەکدارییە لەرۆژهەڵات، هاوکات دەبێ ئەوەش بزانین "پژاک" یش وەک حیزبەکانی دیکە، باوەڕی بەسەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی نییە و، باس لە کۆنفیدراڵی دەکات کە ئەوە لەڕووی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، لێکدانەوە و جێ و رێی تایبەت بەخۆی هەیە و، لەگەڵ بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناقێن و وڵاتێکی دواکەوتووی وەک ئێراندا ناگونجێت. چۆنکە دەزانین، پێشزەوینەی پێشنیازی دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵی، یان کۆنفیدراڵی لەنێوچەیەکدا، بەرزبوونی ئاستی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و تێگەیشتنی دانیشتوانەکەیەتی لە فەرهەنگی ئازادیخوازی و یەکسانی و دیمۆکراسیی. ئەوجا پاش ئاگاداربوونی تێکڕای دانیشتووانی ئەو وڵاتانە لەنێوەرۆک و ئامانج و مەبەستی پرۆژەی فیدراڵییەکە، راپرسییەکی ئازاد لە سەرجەم دانیشتووانی ئەو وڵاتانە ئەنجامدەدرێت، بۆ ئەوە بزانرێت ئەو گەلانە رازین لە چوارچێوەیەکدا پێکەوە بژین، یان خوازیاری سەربەخۆیی خۆیانن! بەڵام ئەم درۆشمی کۆنفیدرالی "پژاک"، هەروەک درۆشمی "فیدرالی" حیزبەکانی دیکە، لەڕووی یاساییەوە رەوایەتیی نییە و، بێڕێزیکردنی تەواویشە بە گەلی کورد.

**١٢- دواپرسیار لەسەر کارو چالاکی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان دەپرسم چیتان لەبەرنامەدایە و هەڵوێستی کۆنگرە لەسەر بارودۆخی کوردستان بەگشتی چۆنە؟**

**و: کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە لە (١٨/٤/١٩٨٥)، تێکۆشیوە بۆ سازکردنی بەرەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بەبەشداریی هەموو لایەنەکانی رامیاری و نارامیاریی کوردی و کوردستانیی، لەپێناو رزگارکردنی خاکی کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. خەباتی دیپلۆماسیی، بەشێکی سەرەکیی لە خەبات و تێکۆشینی کۆنگرە پێکدێنێت. کۆنگرە هەروەها لە پەرەپێدانی هزر وبیروباوەڕی نەتەوەیی بەشێوەی زانستانە و لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی نەتەوەییدا خەباتێکی بێوچانی ئەنجامداوە و، بەدەیان پەرتۆک و گۆڤاری بۆ پێگەیانی جەماوەری گەلەکەمان بەبیروباوەڕی نەتەوەییەوە بڵاوکردووەتەوە. لە باشووری کوردستان و، رۆژهەڵات و رۆژاڤا و باکوور و، لە دەرەوەی وڵات، بە هەزاران خوێندکار و رۆشنبیر و کەسایەتیی نەتەوەیی کە لە هەموو زاراوە و ئاین و نێوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە پێکهاتوون، لەنێو ریزەکانی کۆنگرەدا، خەباتی رەوا و پیرۆزی خۆیان بەڕێوە دەبەن.**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، تاکو ئێستا (٥) کۆنگرەی بەستووە و، کۆنگرەی (٦) رێکەوتی ٢٠٠٩/٤/١٨ لە شاری لەندەن لە بەریتانیا بەڕێوەدەچێت، هاوکات دەبێتە یادی پەنجاساڵەی دامەزرانی "کاژیک" لە باشووری کوردستان.**

**لە بارەی هەڵوێستی کۆنگرە، لەسەر بارودۆخی کوردستان بەکورتی ئەگەر بۆتانی باسبکەم، داگیرکەرانی کوردستان، لە ئەنجامی رێککەوتنێکی بەردەوام و نەگۆڕ، پلانێکی درێژخایەنیان بۆ لەنێوبردنی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە هەموو بەشەکانیدا دارشتووە. بەلای داگیرکەرانەوە، یەکێتی وپارتی و پ ک ک و دیمۆکرات و کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و ئیزدی و شیعە و سوننە ومەسیحی و عەلەویی، جیاوازییان نییە و، هەتا بۆیان بکرێ هەوڵی لەنێوبردنی هەمووی دەدەن. ستراتیژی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریان لە فەوتان و تواندنەوەی نەتەوەی کورددا رەنگدەداتەوە. دەبا ئێمەی کوردیش، سەربە هەر ئاین و زاراوە و نێوچە و بیروباوەڕێکین، یەکبگرین و، رێنەدەین چیدیکە و لەوە زیاتر لە بندەستیدا ژیان بەرینە سەر، یەکبگرین و، هەموومان پێکەوە نیشتمانەکەمان رزگار بکەین و، بناخەی سیستەمێکی پێشکەوتوو دابرێژین کە تێیدا هەموو مرۆڤێکی کورد و هەموو کوردستانییەک، لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیدا ، بە یەکسانیی و لە ئازادی و ئاسایشدا ژیان بەرێتە سەر.**

**بەهیوام رۆژێک بێت ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان لەسەرتاسەری خاکی پیرۆزی کوردستان بشەکێتەوە.**

**لە کۆتاییدا سەرکەوتنتان ئاواتەخوازم و، سوپاستان دەکەم کە دەرفەتتان پێدام لەرێگەی رۆژنامەی هێژای "ئاڵای ئازادیی" یەوە، بیرورای خۆم بە ئاگاداریی خوێنەرەوەی هێژا و نیشتمانپەروەری رۆژنامەکەتان بگەیەنم.**

عەلی حەسەنیانی (هاوار)
تاران، ساڵی ١٩٦٩ی هەتاوی.

# پەڕە سلێرکە

پەڕە سلێرکە! دەنگت هەڵێنە
خونچەی ژاکاوی دڵ بخەملێنە
تۆ وەکوو من نیی بە کۆت و زنجیر
هاواری بڕاو لە گەرووی یەخسیر
ئازادی، بەندی و پێ بەستراو نیی
لە ماڵە خۆتا تێهەڵدراو نیی
دەخولێیتەوە گەرمێن و کوێستان
سەر و خوار دەکەی خاکی کوردستان
دەگەڕێی شار و چیا و لادێ
ئاگای لە ئاوا و لە چۆڵ و لاڕێ
لە هیچ ماڵێکا تۆ بێگانە نی
ئاشنای گەلی بۆ هەر کوێ دەچی
سا بەو چریکەی سەرخۆشی دێنێ
دڵی خەمگرتووی گەل دەلاوێنێ
بڵێ بزانم گەلی داماو
لە نیشتمانی بەش بەش کراو
چۆنن؟ بە کەیفن؟ شادن؟ دڵخۆشن؟
چەشنی دڵی من هەر وا بە جۆشن؟
بڵێ بزانم نەمامی خەبات
بەری هێناوە؟ ئاوات وەدی هات؟
پەڕە سلێرکە! کەی بۆم دەخوێنی؟
بێ وازم ئەکەی دڵم دەدوێنی؟
مەلی نازدارم! دەنگت هەڵێنە
شووشەی جەخاری دڵم بشکێنە
پەردەی خەیاڵم بلەرزێنەوە
کۆرپەی ساوای دڵ بلاوێنەوە.

جەعفەر حسێنپوور (هێدی)
هاوینی ١٩٩٧

# وێرانە

گۆمی خەونم مەشڵەقێنە!
با لەو مەنداوەدا
شین بۆ تاسە جوانەمەرگەکانم بگێڕم!
هەر بەداوێک ڕووناکییەوە بەندە،
دوا دڵۆپی هیوام،
با بە لەرەی دەنگت نەتکێ!
بە بێدەنگیی بەرەو سەرچاوەم بەرەوە
با پشتی برستم نەشکێ!
بە گۆڕستاندا مەیە!
شەهیدەکان وەخەبەر مەهێنە!
با نەزانن خوێنیان بەفیڕۆ چووە!
با هەر دە "چرکەیەک بێدەنگیی" دا
بمێننەوە!
بە چیادا مەیە!
با ڕێی چیا کوێر بێتەوە!
با کوندەکانی وێ
بەرەو وێرانەیەکی دیت نەبەن!
ڕێگایەکی نوێ بکێشە!
بەرەو سەرچاوەم بەرەوە

# هاوارێک بۆ "قەندیل" (قودسی کوردستان)

هێندی دیوەمە ڕۆژێ ترک و ڕۆژێ عارەب دەمکوژێ
ڕۆژێ فارس دێ و بە فتوای دین و مەزهەب دەمکوژێ
گەر لە سەر ئەم بستە خاکە هەرچی دێ و پێم دا دەدا
کوردەکەی خۆم چی دەوێ ئەو بۆچی یارەب دەمکوژێ(*١)

نووسینی: ئاریا موکریانی



**بێدەنگی کردن لە ئاست تاوان، وەک بە شداریکردن لە تاوان وایە!**

هەرکات کۆمەڵێک خەڵکی بێتاوان دەکەونە بەرپەلاماری نامرۆڤانەی دەوڵەتێک، ئەرک و پێویستیی سەرشانی هەموو ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستانە بە هاواری لێقەوماوانەوە بچن و هەوڵ بۆ تیمارکردنی زامەکانیان بدەن. تەنانەت گەر لە هەرشوێنێکی گەردوون بێت، نابێ بەرژەوەندیی کەسانی تر، ببێتە هۆی بێدەنگی و چاوپۆشیکردن لە ئاست تاوان. بەتایبە ت گەر ئەم تاوانە دەرحەق بە گەل و وڵاتی خۆت بێت،پێویستە داروبەرد و زەوی و ئاسمان وەدەنگ بێنی و بۆ کۆتاییهێنان بە تاوان و هاوارت، گوێی ئاسمان کەڕبکات و هەردەرگەیەک پێت شک بێت، لێیبدە ی و هەر کەلێنێک بۆت بلوێ سەری پێداکەی.

هێرشی دڕندانەی سوپای ئیسرایل بۆ سەر کەرتی غەزە و کوشتنی ژن و منداڵانی بێتاوان، لە ژێر هەر ناو و نێوەرۆکێک و بە هەر بیانویەکەوە بێت، تاوانە و تاوانباران لە ئاست ویژدانی مرۆڤایەتییەوە مەحکوومن و دەبێ سزا بدرێن، کە ئەمە قسەی تێدا نییە، بەڵام زۆر لەوەی زیاتر ئیسرایل تاوانبار بێت، گروپی تیرۆریستیی حەماس تاوانبارە کە ئافرەتان و منداڵانی وڵاتەکەی دەکاتە قەڵخان، لە پێناو پاراستن و سەرکەوتنی خۆیدا. کاتێک غەزە لە لایەن سوپای ئیسرایلەوە بۆ ماوەیەک دە کەوێتە بە هێرش و بۆردمان دەکرێت، هەموو دونیا لە ئاستی وەهاواردێت و، بەبێ لۆمەکردنی حەماس، ئیسرایل تاوانبار دەکەن، بەڵام کاتێ قەندیل بێوچان لەلایەن ڕژیمە داگیرکەرەکانی ترک و ئێرانەوە بۆردمان دەکرێت،کاتێ ژن و منداڵی بێتاوانی گوندەکانی بناری قەندیل، لە ماڵ و هێلانەیان هەڵودەا دەبن،کاتێک سۆزانی چاردەساڵە بەم بۆمبایانە هەردووقاچی لەدەستدەدا، کاتێ بنەماڵەکانی ئەم گوندانە لە سەرما و کرێوە و باوبارانا لە نێو خێوەتەکاندا ژیان بەسەر دەبەن، نەتەنیا چاوی دونیا لە ئاست دیتنی ئەم دیمەنانە کوێر و گوێی هە موو بەناو هێلانە و بنکە کانی دیموکراسی و ڕێکخراوەکانی بە ناو پارێزەری مافی مرۆڤ لە ئاست بیستنی هاواری بێدە نگیی ئەم خەڵکە بێتاوانە کەڕ و لاڵە، بەڵکو ئەو ڕێکخراوە کوردزمانانەی بەناو کوردایەتیی دەکەن و، خۆیان کردووەتە دەمراستی کورد،لە ئاست ئەم تراژیدیایەی کە بەرەورووی قەندیل بووەتەوە، بێدەنگییان هەڵبژاردوە و، وەک شتی وا هەر نەبووبێ، نە تەنیا باسی لێوەناکەن، بەڵکو تەنانەت ڕێگە بە تێکۆشەرانی قەڵەم و ڕۆژنامەنووسانیش نادەن، بە چوونیان بۆ ئەم شوێنانە (گوندەکانی بناری



قەندیل)، هەوڵی گوازتنەوەی هەواڵی دیمەنی ئەم تاوانانە بدەن. ئەوەی کە روون و ئاشکرایە زلهێزانی جیهان و دەوڵەتەکانی نێوچەکە، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتی خۆیان، چاویان لە مافەکانی گەلی کورد و تاوانی نامرۆڤانەی ئەم رژیمە تۆتالیتێر و شۆڤێنیزمانە، داپۆشیوە، بەڵام ئەمەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە ئاخۆ دەسەڵاتدارانی هەرێمی باشوور و حیزبەکوردزمانەکانی دیکە، کە ئەوانیش بە وێنەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناڤین، لە پێناو غەزەدا سینگ دەکوتن و ئیسرایل تاوانبار دەکەن، ئەی لە پێناو چیدا ئەم تاوانانە دەرحەق بە قەندیل دەکرێت، خۆیان لەژێرپەردەی شەرمەزاریدا حەشارداوە؟!

ئاخۆ چ شتێ بووەتە هۆکار کە ئەمانش هەست بە ئازاری برینی ئەم خەڵکە لێقەوماوە نەکەن؟ دەبێ چی ببێتە هۆی ئەوەی ئەوان لە جیاتی ببن بە گەروی هاواری کێژی بێ قاچی قەندیل و پیرەپیاوی دەسقەڵشیوی ماڵرووخاو، رێخۆشکەربن بۆ داگیرکەران و مافی گەلمان بکەنە کاڵای بازاری رامیاریی(سیاسی)؟

ئەی بۆ غەزەییەکان هاواردەکەن و بەناو هونەرمەندان بە گۆرانی و شیعر بە سەریان هەڵدەڵێن، لە کاتێکدا سەرکردەکانی غەزە، خۆیان بەوپەڕی شانازییەوە دانیان بەوەدا ناوە کە منداڵانی غەزەیان کردووەتە پەیژە؟!(٢*). تۆ بڵێی چاوی منداڵانی غەزە لە هی منداڵانی قەندیل رەشتر و خوێنی ژنانی غەزە لە هی ژنانی قەندیل و سۆزانی بێ قاچ سوورتر بێت؟

## چی پێویستە بکەین؟

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی خەبات و تێکۆشینی پڕ هەورازولێژی گەلمان، بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا رێگەی رزگاریی، یەکگرتن و پشتبەستن بە هێزی گەلە. ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو تێکۆشەر و روناکبیران و قەڵەمبەدەستانی کوردە، هەڵە و خەوش و ناتەواویی حیزبەکان بۆ گەلمان دەربخەن و، لەپێناو بە رژەوەندیی کاتیی خۆیاندا، هەڵە و بە لارێداچوون و لادان لە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی، بۆ حیزبە کان بە بلیمەتی و لێهاتوویی و قارەمانێتیی لە قەڵەم نەدەن. هەوڵبدەن رای گشتی بۆ لای گەلمان رابکێشن و سیمای راستینەی داگیرکەران و رەگەزپەرستان و لە سەرووی هەمواندا، رژیمی فاشیستی ترک بە دونیا بناسێنن. ئەمرۆکە رای گشتی، تا رادەیەک ئاگاداری کێشەی رەوای گەلی کوردە، پێویستە مێدیاکان بە نیشاندانی ئێش و ئازار و ژانی خەڵکی قەندیل، دڵی مرۆڤەکانی ئاشتیخواز، بە جۆش

## پەیامی سەرخۆشی

برا و هاوبیری بەرێز مامۆستا محەممەد شەیدا

لەگەڵ سڵاووڕێزی گەرم بۆتان.

بەبۆنەی کۆچیدوایی هاوسەری بەرێزتانەوە، لەلایەن خۆم و ئەندامانی سەرکردەیەتی و هەموو هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، پرسە و سەرخۆشیمان ئاراستەی بەرێزتان و، کەسوکاری ئێوە و هاوسەری کۆچکردووتان دەکەین. بەشداری خەم وپەژارەتانین و، لە خودای گەورە داواکارین سەبووریی بە ئێوە و بنەماڵەکەتان ببەخشی و، جێی هاوسەری بەرێزیشتان بەهەشتی بەرین بێت.

برای دڵسۆزتان:
جەواد مەلا
سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
١٥/٢/٢٠٠٩

بێنن، تا بە هەمووان زەخت بخەنە سەر ئەم داگیرکەرانە بۆ کۆتاییهێنان بەم بوردمانانە و پاراستنی ئەم کۆمەڵە خەڵکە و بە بەدیهێنان و دابینکردنی ئاشتی و رێزگرتنی ئەم رژیمە دژ بەمرۆڤانە لە بنەماکان و بایەخەکانی مافی مرۆڤ، کە ئەمە خۆی دەتوانی واتایەکی چاک بدات بە ناسینی کێشەی رەوای گەلمان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

(١*) - مامۆستا خالید جیسامی(هێدی)

(٢*) – یەکێک لە سەرکردەکانی غەزە لە سوریە، لە وتووێژێدا سەبارەت بە هێرشی ئەم دواییەی ئیسرایل، دە لێت: "گەر ئیسرایل بە تۆپ و موشەک و کەرەستەی پێشکەوتووی جەنگیی، بەسەر ئێمەدا سەرکەوت، ئێمەش بە خوێن و فرمێسکی منداڵانی غەزە سەرکەوتین.

# دروشمی تازەی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان
# لەنێوبردنی مەترسیی "پەیمانی سێڤر" و،
# بووژاندنەوەی "پەیمانی لۆزان"!؟



**سیروان کاوسی**
**٤/٣/ ٢٠٠٩**

بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان کە ماوەی دەساڵە لەزیندانی "ئیمراڵی" ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیادایە، لەڕێگەی کەسوکار و پارێزەرەکانییەوە کە ناوبەناو دەچنەلای، پەیام و هەڵوێستی سیاسیی خۆی سەبارەت بە ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان و نێوچەکە دەنێرێت بۆ دەرەوەی زیندان و، لەپێشدا لەلایەن میدیای سەر بە پی کی کی وە بۆ ئاگاداریی جەماوەری کورد بڵاودەکرێنەوە.

لەنێو پەیامەکانی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلاندا، هێندێک جار، هەڵوێست و ڕوانگەی ئەوتۆ بەرگوێدەکەون، کە بەتەواوەتیی دوورن لە باوەڕ و پرنسیپ و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەیی کوردەوە.

دوایین بابەتێک لەڕێگەی RojTv و NewrozTv بەنێوی بەڕێز ئۆجەلانەوە بڵاوکرایەوە، لەڕێکەوتی ٢٨/١/٢٠٠٩ دا بوو، کە تێیدا ئاماژەی بە بوونی پیلانێکی گەورە کرد بۆ سەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین – لەوانە گەلی کورد و، گوتی: **"زلهێزەکان پرۆژەی گۆڕانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیان بەدەستەوەیە و، بەتەمان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەوڵەتی گچکە گچکەی سەربەخۆ دروستبکەن و، سازکردنی دەوڵەتی کوردستانی بچووکیش لەنێو ئەم پیلانەدا جێگیرتووە. ئەم پیلانە لەساڵی ١٩٢٣ ەوە هەیە و، دەیانەوێ "پەیمانی سێڤر" قوتبکەنەوە و، لەو ڕێگەیەوە ڕەگەزپەرستی و ناکۆکیی ڕەگەزی لەنێو گەلاندا پەرە پێبدەن. لەبەر ئەوە کورد دەبێت خۆی دووربگرێ لەم پیلانە و هەوڵبدات بەندەکانی "پەیمانی لۆزان" ببووژێنێتەوە و پێداگریان لەسەر بکات. ساڵی ١٩٩٧ پێشنیازی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییان لەگەڵ من باسکرد، بەڵام من داواکاریان پەسند نەکرد، لەبەر ئەوە ئیسرائیل خستمیە زیندانەوە....."**

ئەمە یەکەم جارنییە کە بەڕێز ئۆجەلان لەنێو زیندانەوە هەڵوێستی لەم چەشنە دەردەبڕێ. ئاشکرایە، عەبدوڵلا ئۆجەلان لە بەندیخانەی یەکێک لە ڕەگەزپەرستترین ڕژێمەکانی سەردەم و، درندەترین ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان بەدرێژایی مێژوویدایە. لەبەر ئەوە هیچ گومانێک لەوەدا نییە، کە بەشێوازی جۆراوجۆرەوە، گوشاری جەستەیی و دەروونی دەخەنەسەری، بۆ ئەوەی بە چۆکیدا بێنن. ئەمەش گومان و پرسیارێکی وای لەلای ڕۆشنبیران و نەتەوەییەکانی کورد و سیاسەتکارانی کورد دروستکردووە کە، "ئایە ئەم وتە و بۆچوونانە بەڕاستی هی ئۆجەلانن، یان، هەڵوێست و ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیان و، هەموو جارێک پێش دیتنی پارێزەرەکانی، لەلایەن دەزگەی "میت" ەوە، بابەتێکی سیاسیی زیندووی ڕۆژ ئامادەدەکرێ و، ئۆجەلان ناچاردەکەن، ئەو نووسراوانە بەنێوی دوایین ڕوانگە و هەڵوێستی خۆیەوە بدات بە پارێزەرەکانی؟!". بەڵام بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو نووسراوانە لەلایەن میدیای پی کی کی وە، بەنێوی پەیامی تازەی ئۆجەلان، ئەو گومانە ناهێڵێ و، مرۆڤ دڵنیادەکات کە بوختان و هەڵبەستراونین و، ڕاستەوڕاست، لە مێشک و زار و قەڵەمی بەڕێز ئۆجەلانەوە دادەڕێژرێن. کەناڵەکانی Roj Tv و NewrozTv ش، بێهەڵسەنگاندن و بێگوێدانە نێوەرۆکی پەیامەکان، هەموو جارێک وتەکانی بەڕێز ئۆجەلان وەکو پەیامی نوێی سەرۆکی نەتەوەیی گەلی کورد بڵاودەکەنەوە.

بەندەکانی پەیمانی "لۆزان" کە بەڕێز ئۆجەلان و، سەرکردەیەتیی پی کی کی، خوازیاری ئەوەن، کورد بۆ بووژاندنەوە و زیندووکردنەوەیان پێداگریان لەسەربکات، ئەو پەیمانە نگریسەیە، کە لەساڵی ١٩٢٣ مۆرکرا و، بەهۆیەوە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، وەک

گۆشتی قوربانیکراو لەنێوان چوار رژێمی کۆنەپەرست و شۆڤێنیستی وابەستە و دیکتاتۆردا پارچە پارچەکرا و، زنجیری کۆیلەتیی خرایە ملی. هەر لە ئەنجامی پەیمانی لۆزانەوە بوو کە لە باکووری کوردستان لە ساڵی ١٩٢٥ ەوە هەتاکو ساڵی ١٩٣٨ لە ئاکامی هێرشی درندانەی سوپای داگیرکەری تورک، پتر لە ملیۆن و نیوێک ژن و منداڵ و گەورە و بچووکی کورد قەڵاچۆکران و، زیاتر لە ملوێنێکی دیکەش بۆ شار و هەرێمەکانی تورکیا دوورخرانەوە. هەر لە ئاکامی بەستنی "پەیمانی لۆزان" ەوە بوو کە داگیرکەرانی کوردستان، بە گەلەکۆمە و دارشتنی پلانی هاوبەش، دەرفەتیان بۆ رەخسا، جێنۆسایدی رەگەزی و ئابووری و مێژووی و فەرهەنگیی بەسەر نەتەوەی کورددا بسەپێنن و، سەروەت و سامانی بە تاڵان بەرن و، نیشتمانەکەشی لێبکەن بە لەشکرگە و هەماری چەکوچۆڵ و جبەخانە و، ژیانی لێبکەن بە دۆزەخ.

لە ئاکامی پەیمانی نگریسی لۆزانەوە بوو، کە بەفیت و پیلانی داگیرکەران، بیری نانەتەوەییانە و، شەڕی نێوخۆیی و پاوانخوازی و خۆپەرستی و بەرژەوەندیی حیزبی و کەسیی، بوون بە بیروباوەڕی زاڵ و، جێگەی بیری سەرفرازی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان گرتەوە .

داوای جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی لۆزان لەلایەن سەرکردەیەتیی پێ کێ کێ وە، هیچ جیاوازیەکیان نییە لەگەڵ هەڵوێست و روانگەی سەرکردەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە بەدرۆشمی دیمۆکراتیی بۆ دەوڵەت و نەتەوەی داگیرکەری عەرەبەوە، هەشتا ساڵ و خەبات و قوربانیدانی گەلەکەیان خستە پشتگوێیان و، نیوچەی رزگارکراوی باشووری کوردستانیان گۆڕییەوە بە پارەوپووڵ و وەرگرتنی چەند کورسی و پلەیەکی سیاسی کاتیی لە بەغدای پێتەختی عێراقی عەرەبیی.

بیری نەتەوەیی کوردیی لەم ساڵانەی دواییدا لەنێو جەماوەری گەلەکەمان، بەتایبەتیی لەنێو چینی خوێندەوار و رۆشنبیری باکووری نیشتمانەکەمان سەریهەڵداوەتەوە. هەروەک لەسەرەتای ساڵی نوێی زایینیی، (٢٢٨) مامۆستای زانستگە و رۆژنامەنووس و پارێزەر و سیاسەتکاری باکووری کوردستان، لە راگەیاندراوێکی هاوبەشدا، پاش شرۆڤەی کورتی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و، ئامانجی راستینەی گەلی کورد، داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە. لەبەر ئەوە سەرکردەیەتیی پێ کێ کێ، کە ماوەی چارەکە سەدەیەکە، لە بووژاندنەوەی هەست و باوەڕی خۆییبوونی کورد، دەوری زۆری گێڕاوە، لەم بارودۆخە هەستیارەی ئەوڕۆکەدا، دەبێ بەرپرسیارانەتر بەرەوڕووی گوشاری سیاسی و سەربازیی رژێمی تورکیا ببێتەوە و، هەڵوێستێکی نەشیاو و چاوەڕواننەکراو نەنوێنێت، کە راستەوخۆ دژایەتیکردن بێت لەگەڵ داوا و بۆچوونی رەوا و نەتەوەییانەی ئەو کەسایەتییە دڵسۆزانەی گەلەکەمان کە داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەکەن. دژایەتیکردنی ئیسرائیل، یان هەر دەوڵەتێکی دیکەی جیهان دەبێ لەروانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەیی کوردەوە هەڵسەنگێندرێ، نەک لەڕووی ئایدۆلۆژی و تێڕوانین و جیهانبینیی حیزبییەوە.

لە روانگەی نەتەوەییەکانی راستینەی کورد و، هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازەوە، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی، نەک هەر لە باکوور، بەڵکو تەنانەت لە بەشی رۆژاوای کوردستانیشدا بێتەدی کە پارچەی بچووکی کوردستانە، بەمانای رزگاربوونی بەشێکی نەتەوەکەمانە لە کۆیلەتیی. سازبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەتەنیا نابێتە هۆکار بۆ پەرەسەندنی بیری رەگەزپەرستیی لەنێوچەکە، بەڵکو دەبێتە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراسی و ئاسایش و هێمنیی لەنێوچەکە، هاوکات دەستەبەری پاراستنی گەلی کورد و خاکەکەی و سامانی نەتەوایەتیی کورد دەکات، لە بەرامبەر سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریاوە.

بەکورتی، مەرجی سەرکەوتنی کورد، رەچاوکردنی ئامانج و ستراتیژی نەتەوەییە و، بەبێ دەستنیشانکردنی پلاتفۆرم و ستراتیژێکی رۆنی نەتەوەیی و کوردستانیی، شەڕی چەکداری و خەبات و قوربانیدان و تێکۆشینی حیزبی و، هەر باس و لێدوانێک لە رزگاریی کوردستان و، سازکردنی بەرەی کوردستانیی بکرێت، بەوێنەی "شەن کردنی با" بەفیڕۆدەچێ و، ناگاتە هیچ ئەنجامێک.

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

Wka palingswich House
241 King Street
London W 6 9 L P UK.
wka@knc.org,uk
0044 – 208 748 78 74
0044 - 07768266005

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey NîŞtmanîya Kurdistan bigre!

ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ برووسک ئیبراهیم

بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

KNC@ribrahim.de Tele; 0049 – 82 33 80 61, Fax; 0049 – 82 33 61 21

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
post@kncscandinavia.com
0047 – 93 83 99 53

Bi wê adres name û gotar û pêşnyaza xwe bo kongre bişîne!

---

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندن: "سیروان کاوسی"

**Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!**
**Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!**

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

---

ئەدرەسی ماڵپەڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!

| | |
|---|---|
| کۆنگرە ئینگلیزی: | www.knc.org.uk |
| کۆنگرە: کوردی (Latin)، عەرەبی، فارسی | www.kncscandinavia.com |
| رادیۆ رۆژاڤا: | www.rojavatv.org.uk |
| حکوومەتی رۆژاڤای کوردستان: | www.western-kurdistan.com |
| سایتی حکوومەتی رۆژاڤا (ئینگیلزی) | www.western-kurdistan.com |
| رادیۆ رۆژاڤای کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت | http://www.radiorojava.net |
| سایتی مامۆستا جەمال نەبەز | www.jemalnebez.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا | www.jawadmella.com |